# "دەبێت هەمووی ئیعتراف بکات"

## مامەڵەی خراپ لەدژی مێردمنداڵانی گومانلێکراو بە داعش لە عێراق

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ
لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپکراوە
ISBN: 978-1-6231-37137
لەلایەن ڕەفاهێڵ جیهێنێز دیزاینی بۆ کراوە

هیومان ڕایتس ۆوچ بەرگری لە مافەکانی خەڵک لەسەرتاسەری جیهان دەکات. زۆر بە ووردی لێکۆڵینەوە لە پێشیلکاریەکان و ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و فشار دەخاتە سەر ئەوانەی لە دەسەڵاتدان بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پارێزگاریکردن لە دادوەری. هیومان ڕایتس ۆوچ ڕێکخراوێکی سەربەخۆیی نێودەوڵەتیە وەک بەشێک لە جوڵانەیەکی زیندوو کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو لایەک.

هیومان ڕایتس ۆوچ ڕیێکخراوێکی نێودەوڵەتیە کە لەزیاتر لە ٤٠ ووڵاتی جیهان ستافی هەیەو لە شارەکانی ئەمستەردام و بەیروت و بەرلین و برۆکسل و شیکاگۆو جنێف و گۆماو جۆهانسبێرگ و لەندەن و لۆسئەنجلیس و مۆسکۆو نیۆرک و پاریس و سانفرانسیسکۆو سیدنی و تۆکیۆو تۆرانتۆو تونس و واشنتن دی. سی و زۆرک ئۆفیسی هەیە.
بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە:http://www.hrw.org

ISBN: 978-1-6231-37137

٢٠١٩ مارسی

# "دەبێت هەمووی ئیعتراف بکات"

## مامەڵەی خراپ لەدژی مێردمندالانی گومانێکراو بە داعش لە عێراق


**کورتە ........................................................................................................................ 1**

هەنگاوەکانی داهاتوو ........................................................................................................ 4

**میتۆد ........................................................................................................................ 6**

**I. بەسەربازکردن و بەکارهێنانی مێردمندالان لەلایەن داعش .............................................................. 8**

**II. لیستەکانی "داواکراوان" و سکرینکردنی گومانلێکراوانی داعش ................................................... 12**

**III. حکومەتی فیدراڵی عێراق لەگەڵ مێردمندالانی گومانلێکراوی داعش مامەڵەی هێزەکانی ...................... 14**

لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە ..................................................................................................... 16

دەرکەوتن لە دادگاو دادگایکردنەکان ......................................................................................... 17

زیندانیکردن .................................................................................................................. 18

**IV. مامەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مێردمندالانی گومانلێکراو بە داعش ............................ 20**

لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە ..................................................................................................... 21

هەبوونی پارێزەر ............................................................................................................. 24

دەرکەوتن لە دادگاو دادگایکردنەکان ......................................................................................... 25

زیندانیکردن .................................................................................................................. 26

مانەوە لە ژووری زیندانەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ .................................................................. 27

نەبوونی خوێندن و چالاکی و پرۆگرامی چاکسازی پێویست ................................................................ 27

کەمی چاودێری تەندروستی و دەروونی پێویست ............................................................................ 28

سەردان و پەیوەندی خێزانی .................................................................................................. 29

لێدان و جنێو و هەڕەشەی کوشتن لەلایەن پاسەوانەکانەوە ................................................................ 30

بەندکرن لەپاش تەواوبوونی ماوەی یاسایی زیندانیکردن ................................................................... 31

**V. مێردمندالانی بیانی تۆمەتبارکراو بەهەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش ........................................... 33**

VI.دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی زیندانیکردن و سزادان ........................................................................ 34

VII.ستاندەردە یاساییەکان ........................................................................................................ 37

ستاندەردەکان بۆ ئەو مێردمندالانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانی پەیوەندیدار بە تیرۆر ........................................39

یاساکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ ........................................................................................... 41

یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ........................................................................................42

پێشنیارەکان ........................................................................................................................ 43

پێزانین ............................................................................................................................... 46

# کورتە

"نازم" لە شاری موسڵ گەورە بووەو هەر لەوێش بۆماوەی پێنج ساڵ چووەتە قوتابخانە تا کۆنترۆڵکردنی شارەکە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ساڵی ٢٠١٤. ئەوکات نازم تەمەنی ١٣ ساڵ دەبێ و ئارەزو بە خوێندنی ئەو وانانە ناکات کەلەلایەن داعشەوە بەسەر قوتابخانەکاندا دەسەپێنرێن، بۆیە واز لە قوتابخانە دەهێنێ و لەگەڵ باوکی دەست بە فرۆشتنی سەوزە دەکات. ئەو ووتی لەکاتی جەنگی موسڵ، خێزانەکەیان لە گەڕەکێکەوە هەڵدەهاتن بۆ گەڕەکێکی تر بۆ ڕێگریکردن لە هێرشە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان بەپێشەنگی ئەمریکا.

لە تەموزی ٢٠١٧ هێزە سەربازیەکانی عێراق شارەکەیان کۆنترۆڵکردەوە، نازم ووتی، ''هیچ'' لە موسڵ نەمابوو بۆیە خۆیی و براکەی ڕوو دەکەنە شاری هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ گەڕان بەدوای کاردا. لە بازگەیەک، ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی دەڵین کە ناوی لەناو لیستی گوومانلێکراوانی داعشدایە و دەستگیری دەکەن. نازم ووتی نە خۆیی و نە هیچ ئەندامێکی خێزانەکەی پەیوەندیان بە داعشەوە نەبووە. ئەو ووتیشی، "تووشی شۆک بوم کاتێک دەستگیرکرام و هەمیشە دەمەوێ بزانم بۆچی ناوم لە لیستی داواکراواندا بووە."

نازم ووتی، پاش دەستگیرکردنی، ئەفسەرانی ئاسایش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن و هەڕەشەی لێدەکەن. ئەو ووتی، پێیان ووتوە ئەگەر دان بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش نەنێ ڕادەستی حەشدی شەعبی دەکەن و ئەوان دەیکوژن. ڕازیبوم بڵێم بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ پەیوەندیم بەداعشەوە کردووە. بەڵام، ووتیان ١٥ ڕۆژ بەس نیە، بۆیە ووتم ٣٠ ڕۆژ. پاش هەفتەیەک نازم دەبەنە بەردەم دادوەری لێکۆڵەرو دادوەر پرسیاری لێدەکا ئەگەر دانپێنانەکەی ڕاستە. نازم دەڵێ بەڵێ. ئەو ووتی "ترساوە لەوەی ئەشکەنجەی زیاتری بدەن ئەگەر بیووتایە نەخێر."

کاتێک هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ نازم کرد لە ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ نازم تەمەنی ١٧ ساڵ بوو وە لە زینداندا بوو چاوەڕوانی دادگایکردنەکەی بوو بە تۆمەتی تیرۆر. ئەو ووتی، ''هەمیشە دەمەوێ بزانم بۆچی من لێرەم. زۆر بیری خێزانەکەم دەکەم.بیر لەوان دەکەمەوە هەموو ڕۆژوو ساتیک."

لەپاش کۆنترۆڵکردنەوەی ئە ناوچانەی لەلایەن داعشەوە داگیرکرابوون لەدوای ساڵی ٢٠١٤، بەرپرسانی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەزاران منداڵیان بە گومانی ئەندام بوون لەناو داعشدا دەستگیر کردووە. لەسەر بنەمای زانیاری چەند سەرچاوەیەک هیومان ڕایتس ۆوچ ژمارەی دەستگیرکراوانی بە گومانی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش لەلایەن بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان بە نزیکەی ١٥٠٠ مێردمنداڵ خەمڵاند لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨. بەسەدان مێردمنداڵ کە لەنێوانیاندا ١٨٥ بیانی هەیە بە تۆمەتی تیرۆر سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپێنراوە لە عێراق.

یاسا نێودەوڵەتیەکان بەکارهێنان و بەسەربازکردنی منداڵان لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە قەدەغە دەکات. بەپێی ستاندەردە نیودەوڵەتیەکان دەبێت مێردمنداڵانی بە سەربازکراو وەک قوربانی تەماشا بکرێن و هەموو هاوکاریەکیان بۆ دابین بکرێت لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا. ئەگەرلە حاڵەتێکدا، مێردمنداڵەکە تاوانی ئەنجام دابێت، ئەوا بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان بۆ عەدالەتی مێردمنداڵان دەبێت بەرپرسانی دەوڵەت بەدیلێکی تر بدۆزنەوە لەبری دادگایکردن و سزادانیان و ئەولەویات بدەن بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی چارەسەرکردنیان لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا. دەبێت بەرپرسان وەک دوا ڕێگەچارە پەنابەنە بەر دەستگیرکردن و ئەوەش بۆماوەیەکی زۆر کورت بێت.

بەڵام لە عێراق هەرمێردمنداڵێک پەیوەندی بە داعشەوە کردبێ وەک تاوانبار تەماشا دەکرێ. زۆرجار ئەفسەرانی ئەمنی ئەشکەنجەیان دەدەن تا ناچاریان بکەن بە دانپێنان—بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستیەکە—و دادگاکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تۆمەتی تیرۆر سزای زیندانیکردنیان بەسەردا دەسەپێنن.

حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەستاون بە دادگایکردنی هەزاران گومانلێکراوی داعش بە مێردمنداڵانیشەوە زۆرجار تەنها لەسەربنەمای ئەندام بوون لەناو داعشدا بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی تێوەگلانی تۆمەتبارەکە یان ئەوەی کە تاوانی ئەنجام دابێت یان نا. یاساکانی دژە تیرۆری عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە بە دادوەران دەدەن هەستن بەسزادانی ئەوکەسانەشی کە تەنها ڕۆڵی پشتگیریان هەبووە وەک چێشتلێنەر یان کارمەندی تەندروستی و هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە. هیومان ڕایتس ۆوچ پێشتر دەنگی نارەزایی لەبەرامبەر ئەم دادگایکردنانە بەرزکردۆتەوە چونکە تەرو ووشک پێکەوە دەسوتێنێ وئەولەویات نادات بەسزادانی ئەوکەسانەی کە تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە لەناو داعشدا. هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشیوەیەکی هەرەمەکی سەدان مێردمنداڵ دەستگیرو زیندانی بکرێن کە پیشێلکاری ستاندەردە نیودەوڵەتیەکانە.

دەرەنجامە نەخوازراوەکانی ئەم سیاسەتە تووندە گەورەیە و، دەبێتە پەڵەیەکی رەشی درێژخایەن بەنێوچاویانەوەو جیابوونەوەی خێزانی و ئاوارەبون و دروستکرنی بەربەست لەبەردەم چەندین گەنج لە ئاشتبوونەوە بە کۆمەڵگاو پەیداکردنی کار لە داهاتوودا. ئەم مێردمنداڵانە دەترسن لەدوای ئازادکردنیان و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانیان هێرشی تۆڵەسەندنەوەیان بکرێتەسەر. ئەو منداڵانەی لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستگیرکراون و زیندانیکراون لە باکووری عێراق مەترسی دووبارە دەستگیرکردنەوەیان لە ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی بەغدا لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە هەیە. زۆرێک لە گومانلێکراوانی داعش پێیان وایە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەیان نیە جگەلە بەسەربردنی ژیان لەناو کامپی ئاوارەکان بۆ هەتاهەتایە یان جێهێشتنی وڵات.

لەلایەکی ترەوە، زیندانیکردن و سزادانی ئەو منداڵانەی کە هیچ پەیوەندیەکیان بە داعشەوە نەبووە یاخود پەیوەندیەکی زۆر کەمیان هەبووە ڕەنگە ڕق و هەستی تۆڵەسەندنەوە لە ناخیاندا دروست بکات. کوڕێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، "زۆرێک لە مێردمنداڵەکان لەسەر بنەمای شاهێدی دانی دروست کراو دەستگیرکراون. کاتێک ئازادکران ڕەنگە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە لە حکومەت ولەوکەسانە بکەنەوە کە زیندانیان کردوون."

لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ و لەپاش داگیرکردنی ناوچەیەکی زۆر لە عێراق وەک بەشێک لە خەلافەتەکەی، داعش هەستا بە بەسەربازکردنی ژمارەیەکی زۆر مێردمنداڵ. داعش مێردمنداڵانی نادرە پێشەوەی بەرەکانی جەنگ و وەک خۆکوژو پاسەوان و سیخوڕ وچەندین شتی تر بەکاریهێنان. بەسەدان مێردمنداڵی بیانی تر لە دەیان وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیاو ئەوروپاو باکووری ئەمریکا بەتەنها یان لەلایەن خێزانەکانیانەوە هێنراونەتە عێراق.

هەندیک لەم مێردمنداڵانە بەزۆر لەلایەن داعشەوە بە سەربازکراون و هەندێکی تریان بەهۆی هاوڕێ و ئەندامانی خێزان یان بۆ بژێوی ژیان و هەڵهاتن لە کێشەی خێزان وپێگەی کۆمەڵایەتی چونەتە ناو داعش. لە جەنگ و ململانێ چەکداریەکانی جیهاندا، ئەم فاکتەرانە هۆکاری سەرەکین لە بەسەربازکردنی مێردمنداڵان لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە. زۆرێک لە توێژینەوەکان تیشکیان خستۆتە سەرئەو ڕاستیەی کە ئایدۆلۆژیا زۆر بەکەمی فاکتەری پاڵنەرە بۆ مێردمنداڵان لە چوونە ناو گرووپە توندڕەوەکان. لە ٢٩ مێردمنداڵی گومانلێکراوی داعش کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا بۆ ئەم ڕاپۆرتە، هیچ کامیان نەیان گووت کە ئایدۆلۆژیا فاکتەر بووە لە بڕیارەکەیان بۆ

چونە ناو داعش. مێردمنداڵێک کە لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندی بە داعشەوە کردووە ووتی، "هیچم نەدەزانی دەربارەی ئامانجەکەیان،" بەڵام پەیوەندیم پێوەکردن لەبەرەوەی دەمویست هەست بە "ئازایەتی و پاڵەوانی بکەم."

سکرینکردن و لێکۆڵینەوەو دادگایکردنی مێردمنداڵانی گومانلێکراوی داعش لە دەسەڵاتدارانی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەڵەو کەم وکورتی زۆری تێدا بووە وەک دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و ناعەدالەتی لە دادگایکردنەکاندا. زۆرجار ئەفسەرانی ئەمنی لەسەر بنەمای "لیستی ناوی داواکراوان" کە لە لەرێگەی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانەوە لە گومانلێکراوی ترەوە دەستیان کەووتوە یان لە ڕێگەی ڕاپۆرتی خەڵکی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی داعشەوە دەستیان کەووتوە هەستاون بە دەستگیرکردنی ئەم مێردمنداڵانە. وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ژمارەی ئەو چەکدارانەی داعش کە بەرگریان لە موسڵ کرد بە ٣ تا ٥ هەزار چەکدار خەمڵاند، بەڵام بەپێی ووتەی بەرپرسانی باڵای ئەمنی عێراق، لیستی داواکراوانی داعش بۆ ١٠٠ هەزار داواکراو زیادی کرد. ئەو لیستانە هەموو ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کە بۆ نموونە وەک شۆفێرو چیشتلێنەر لەگەڵ داعش کاریان کردووە. هەندێک لەو ناوانەی لە ناو لیستەکاندا هەن ڕەنگە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیان بە داعشەوە نەبووبێ، بەڵام بە گومانلێکراو لەقەڵەم دراون لەبەرەوەی یەکێک لە ئەندامەکانی خیزانەکەیان یان کەسێکی ناوچەکەیان بەهۆی ناکۆکی خێزانی و کەسی یەوە ڕاپۆرتیان لەسەر داون. بەپێی ووتەی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستگیرکردنی خەڵک تەنها لەبەرەوەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکانیان تاوانی ئەنجام داوە خراپترین" جۆری ڕەشبگیریە.''

ئەو منداڵانەی قسەیان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ کرد ووتیان هەر لەگەڵ دەستگیرکردنیان ئەفسەرانی ئەمنی لێکۆڵینەوەیان لەگەل کردوون و ئەشکەنجەیان داون تا ئەوکاتەی دانیان ناوە بەوەی پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە، ئەگەر چی پەیوەندیشیان بە گروپەکەوە نەبوبێ. لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨، هیومان رایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ٢٩ میردمنداڵ کرد کە تەمەنیان لە نێوان ١٤ بۆ ١٨ ساڵدا بوو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەتۆمەتی داعش بوون دەستگیرکرابوون. لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا، هەندێکیان لە بەندیخانەدا بوون و هەندێکی تریان پێشتر بەندبوون. ١٤ لەم مێردمنداڵانە لە سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێردا بوون، پایەتەختی هەرێمی کوردستان. ١٩ منداڵیان ووتیان لەلایەن ئەفسەرانی ئاسایشەوە ئەشکەنجەدراون و بە سۆندەو کێبڵ و دار لێیاندراوە تا ناچار بکرێن بە دانپێنان. هەندێکی تریان تەزووی کارەبایان لێدراوە یان هەڵواسراون. هێزە ئەمنیەکان هەڕەشەی ئەشکەنجەدانیان لە مێردمنداڵی تر کردووە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ڕەتی بکەنەوە کە پەیوەندیان بە داعشەوە نەکردووە. ئەو شێوازی ئەشکەنجەدانانەی منداڵەکان باسیان کرد هاوشێوەی قسەی ١٧ مێردمنداڵی تر بوو کە لە هەمان زینداندا بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە داعش دەستگیر کرابون و قسەیان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ کرد لە کانوونی یەکەم ی ٢٠١٦.

زۆریک لە مێردمنداڵەکان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت لەپێناو کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجەدانیان "ئیعترافیان" بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش کردووە ئەگەر چی هیچ پەیوەندیەکیان بە داعشەوە نەبووە یان پەیوەندیەکی زۆر کەمیان هەبووە. بۆ نموونە، هەندێکیان ووتیان، وانەی ئاینیان لەلایەن داعشەوە پێدراوە، بەڵام هیچ پەیوەندیەکی تریان بە داعش نەبووە. هەندێکی تر ووتیان کە وەک شۆفێرو چێشتلێنەر کاریان لەگەڵ داعش کردووە. هەندێکی تر نکۆڵیان کرد لەوەی هیچ پەیوەندیەکیان بە داعشەوە هەبوو بێت. هیومان ڕایتس ۆوچ نەیتوانی سەربەخۆ ئاستی پەیوەندی ئەم مێردمنداڵانە بە داعشەوە پشتڕاست بکاتەوە.

هەروەها بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئەشکەنجەی ئەو مێردمنداڵانە دەدەن کە گومانی داعشبوونیان لێدەکرێ. کۆمسیۆنی دژ بە ئەشکەنجە لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٥ یدا ووتی گومانلێکراوانی تیرۆر بە مێردمنداڵانیشەوە بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیردەکرێن و زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن بۆ ناچارکردنیان بە دانپێنان و ڕێگەیان

پێنادرێ پەیوەندی بەخێزان وکەس وکاریانەوە بکەن . دادوەرێکی پارێزگای نەینەوا بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، "زۆرێک" لە گومانلێکراوانی داعش کە لەدادگاکەی ئامادەبوون ئەشکەنجە دراون. لە توێژینەوەیەکی پێشتری هیومان ڕایتس ۆوچدا دەرکەوت کە دادوەرانی عێراقی بەشێوەیەکی رۆتینی تۆمەتەکانی ئەشکەنجەی گومانلێکراوانی داعش پشتگوێ دەخەن.

لەو منداڵانەی کە لە زیندانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان، زۆرێکیان ووتیان کە ئاگادار نەبوون لەوەی کە پارێزەریان هەیە یان نا و هەندێکی تر ووتیان ترساون لەوەی ئەگەر داوای پارێزەر بکەن سزای زیندانیکردنەکەیان درێژ بکرێتەوە. زۆرێکیان ووتیان کە دادگایکردنەکانیان لە ٥ تا ١٠ خولەک تێپەڕی نەکردووەو بەزمانی کوردیش بووە کە ئەوان لێی تێناگەن. دەردەکەوت کە تەواوی دادگایکردنەکان لەسەر بنەمای دانپێنانی مێردمنداڵەکان خۆیان بووبێ، سەرەڕایی ئەو تۆمەتانەی کە دانپێنانەکان لەژێر فشارو ئەشکەنجەدا کراوە. هەندێک لە منداڵەکان ووتیان، دادەوەریان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کە لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافیان کردووە، بەڵام دادوەر قسەکانیانی پشتگوێ خستووە.

هەروەها، هیومان ڕایتس ۆوچ زۆر نیگەرانە لە بارودۆخی ناو سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر وەک هێشتنەوەیان لە ژوورەکاندا بۆماوەیەکی زۆرو نەبوونی خوێندن و چاکسازی دەرونی و چاودێری تەندروستی پێویست و ڕێگەنەدان بە پەیوەندیکردن بە خێزانەکانیان ومامەڵەی خراپ لەگەڵیان لەلایەن هەندێک پاسەوانەوە وەک لێدان و جنێودان و هەڕەشەی کوشتن. هەندێک لە مێردمنداڵەکانی سەنتەری چاکسازی ووتیان کە پاسەوانەکان بردوویانن بۆ دەرەوە دوور لە چاوی کامێرای چاودێریەکان بە سۆندەو پێڵاو لێیانداون. یەکێک لە منداڵەکان مەترسی ئەوەی لێدەکرا خۆی بکوژێ لەبەرەوەی جەستەی خۆی دەبڕی، بەڵام ووتی کە هیچ چارەسەرێکی دەروونی یان چارەسەرێکی تایبەتی وەرنەگرتووە.

## هەنگاوەکانی داهاتوو

عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵانی گومانلێکراوی داعش بەتەواوی بگۆڕن. لەپێناو ڕێزگرتن لە مافەکانی منداڵ، دەبێت ئەو مێردمنداڵانە وەک قوربانی تەماشا بکرێن و کۆتایی بە زیندانی کردنی ئەوانە بهێنرێ کە تۆمەتەکانیان تەنها ئەندام بوون بووە لە ناو داعش و ئەولەویات بدەن بە چارەسەکردنیان و ئاشتکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگا. دەبێت هەردوو پەرلەمانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری لە یاساکانی دژە تیرۆریان بەشێوەیەک بکەن کە کۆتایی بهێنێت بە سزادانی منداڵانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بە تۆمەتی ئەندام بوون لە ناو ڕێکخراوی تیرۆریستی. لەکاتێکدا گۆڕانکاری لە یاساکاندا دەکرێ، دەبێت ئەنجوومەنی دادوەری عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمان بە دادوەران و داواکارانی گشتی و هێزە ئەمنیەکان بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە دەستگیرکردن و زیندانیکردن و سزادانی گومانلێکراوی مێردمنداڵ بە تۆمەتی ئەندام بوون لەناو داعش، هەروەها فەرمان بە ئازادکردنی هەموو ئەو مێردمنداڵانەی بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکراون بکەن، جگە لەو منداڵانەی کە گومانی ئەنجامدانی تاوانیان لێدەکرێ. دەبێت بەرپرسان بە هەماهەنگی کار لەگەڵ یونیسێف و ڕیکخراوەکانی تری منداڵان بکەن لەپێناو دروستکردنی پرۆگرامی چاکسازی و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا وەک دابینکردنی پرۆگرامی خوێندن و مەشقی کارو چارەسەری دەروونی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامی کۆمەڵایەتی تر.

بۆ ئەو منداڵانەی کە گومانیان لێدەکرێ تاوانیان ئەنجام دابێ لەکاتێکدا لەناو داعشدا بوون، دەبێت بەرپرسان بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی دادوەری مێردمنداڵان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن--وەک دڵنیایی دان لەوەی

زیندانیکردنیان دوا ڕێگەچارەیەو بۆ ماوەیەکی کورتەو منداڵان لەگەڵ پیاوان بە جیا زیندانی دەکرێن و پارێزەریان بۆ دابین دەکرێ و باشترین بەرژەوەندی مێردمنداڵەکە ڕەچاودەکرێ و چاکسازی کردنیان و ئاشتکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگا دەکرێتە ئەولەویات.

دەبێت بەرپرسانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ کۆتایی بهێنن بە هەموو شێوازێکی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپ لەگەڵ مێردمنداڵانی دەستگیرکراو بە تۆمەتی داعشبوون و لێکۆڵینەوە لەوکەسانە بکرێ لەپشت ئەوکارانەوە بوون و سزایان بدرێت. دەبێت دادوەران هەموو ئەو دانپێنانانە وەلابنێن کە لە ئەنجامی فشارو ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ لە مێردمنداڵان دەرهێنراون.

# میتۆد

هیومان ڕایتس ۆوچ لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨ ئەم توێژینەوەیەی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام داوە، ئەمە جگەلەوەی لەساڵی ٢٠١٦ وە توێژینەوەی تری لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام داوە. توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ٢٩ مێردمنداڵی تۆمەتبارکراو بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش کردووە، کە ٢٤ مێردمنداڵیان لە سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر زیندانی بوون و پێنچیان چەند جارێک دەستگیرکراون و پاشان ئازادکراون. لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا لە سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، ٢٢ مێردمنداڵیان تەمەنیان لە نێوان ١٤ بۆ ١٧ ساڵدا بوو، بەڵام دووانیان ١٨ ساڵ بوون و بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکرابوون کاتێک منداڵ بوون. لە ٢٤ میردمنداڵەکە، ٨ مێردمنداڵیان سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپێنرابوو بەڵام ئەوانی تر  چاوەڕوانی دادگایکردن بوون. لە ٢٢ مێردمنداڵەکە، ١٤ یان لە ساڵی ٢٠١٨ دەستگیرکرابوون؛ شەشیان لە ٢٠١٧؛ دووانیان لە ٢٠١٦. هیچ کچێک بە تۆمەتی هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی لە سەنتەرەکە لەکاتی سەردانەکەی هیومان رایتس ۆوچ دەستگیرنەکرابوو.

هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەندامانی خێزانی هەشت مێردمنداڵی دەستگیرکراو لەلایەن بەرپرسانی عێراقیەوە بە گومانی داعش بوون و چەند ستافێکی سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەلێرو هەروەها ڕاوێژی کرد بە ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیانەی کار لەسەر کێشەکانی دادوەری لە عێراق دەکەن لەگەڵ پارێزاران و شارەزایانی یاسایی. چاوپێکەوتنەکان لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی ئەنجامدران لەکاتی گەشتی توێژینەوەکەیدا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨، هیومان رایتس ۆوچ ڕێگەی پێنەدرا سەردانی زیندانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقی بکات، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧ توانی سەردانی سێ زیندانی ژێرکۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا بکات کە دووانیان لە شارۆچکەی گەیارە بوون و بە دووری ٦٠ کیلۆمەتر لە باشووری موسڵ دوربوون و سێیەم زیندان لە بنکەیەکی پۆلیس حمام عەلیل بوو کە بە دووری ٣٠ کیلۆمەتر لە باشووری موسڵ بوو.

توێژەرانی هیومان رایتس ۆوچ ڕووبەڕوو چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ هەموو ئەم مێردمنداڵانە بە زمانی عەرەبی ئەنجامدا، جگەلە دوو چاوپێکەوتن نەبێ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دران. هەندێک لە چاوپێکەوتنەکان بە زمانی عەرەبی ئەنجامدران و وەرگێردران بۆ زمانی ئینگلیزی. توێژەران هەموو مێردمنداڵەکانیان لە مەبەستی چاوپێکەوتنەکان ئاگادار کردەوەو پێیان گوتن چۆن زانیاریەکان بەکاردەهێنن و خۆیان ڕازیبوون بە خۆبەخش بەشداری لە چاوپێکەوتنەکان بکەن. هەروەها تێگەیشتن لەوەی هیچ قەرەبوویەکی ماددی ناکرێن بۆ بەشداری کردن لە چاوپێکەوتنەکان. لەبەر هۆکاری ئەمنی، هیومان ڕایتس ۆوچ ناسنامە و ناوی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا ئاشکرا ناکات. ناوی خوازراوی لەبری ناوی ڕاستەقینەیان بەکارهێنراوە.

لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٨، هیومان ڕایتس ۆوچ بە نامە بەرپرسانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانی لە دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی ڕاپۆرتەکەی ئاگادار کردەوەو داوای زانیاری لەسەر ئەو مێردمنداڵانە کرد کە بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە داعش دەستگیرکراون. هیومان ڕایتس ۆوچ لە شوباتی ٢٠١٩ نامەی بەدواداچوونی بۆ هەریەک لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان نارد. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٤ی کانوونی یەکەم وەڵامی نامەی یەکەم و لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٩ وەڵامی نامەکەی دووەمی دایەوە. هەردوو وەڵامەکە لە ڕاپۆرتەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. تا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە، حکومەتی عێراق وەڵامی هیچ کام لە دوو نامەکەی نەداوەتەوە.

هیومان رایتس ۆوچ بەردەوام دەبێت لە دایەلۆگ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و هاوکاریەکانیان بەرز دەنرخێنێ.

لەم ڕاپۆرتەدا "منداڵ" "منداڵان" و "مێردمنداڵ" بۆ کەسی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بەکاردەهێنرێ ئەوەش هاوتایە لەگەڵ بەکارهێنانی لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

# I. بەسەربازکردن و بەکارهێنانی مێردمنداڵان لەلایەن داعش

لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ داعش ناوچەیەکی زۆری لە عێراق داگیرکردو پێشێلکاری گەورەی مافی مرۆڤی ئەنجامدا. داعش بەرپرسیاربوو لە ئەنجامدانی سەدان هێرشی خۆکوژی و ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو گولەبارانی بە کۆمەڵ و دەستدرێژی سێکسی و سەربڕین بەبەرچاوی خەڵکەوەو ئەشکەنجەدان. بۆماوەی سێ ساڵ، بە ملیۆنان خەڵک لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون. سەرانەیان لە خێزانەکان دەسەندو ماڵ و موڵکیان داگیردەکردو مەزارە ئاینی و مۆزەخانەکانیان وێران دەکرد. هێزە عێراقی و کوردیەکان بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش جەنگان و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ زۆرینەی ناوچەکانی وولاتیان کۆنترۆڵ کردەوە. بەڵام ئەو هێزانەی کە لە دژی داعش جەنگان هەستان بە ئەنجامدانی پێشێلکاری جدی وەک ئەشکەنجەو کوشتاری هەڕەمەکی و هێرشی کوێرانە بۆسەر هاووڵاتیانی مەدەنی.[1]

لەو ماوەیەی داعش لە عێراق دەسەڵاتی هەبوو، بەهەزاران مێردمنداڵی بەسەربازکردو بەکاری هێنان بۆ هێرشی خۆکوژی و شەڕو بەکارهێنانی ماددەی تەقەمەنی. هەروەها مێردمنداڵان وەک سیخوڕ و شۆفێری گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازی و پاسەوان لە بازگەکان بەکارهێنران، هەروەها وەک هۆکاری پروپاگەندە لە گرتە ڤیدیۆییەکاندا بەکارهێنران.[2] تۆمارەکانی داعش ئەوەیان نیشاندا کە نزیکەی لەسەدا ٤١ی هەندێک لە یەکە سەربازیەکانیان لە سووریا تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ بوون.[3]

ئەو منداڵانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا و پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە چەند هۆکارێکیان دەستنیشان کرد بۆ پەیوەندی کردنیان بە گرووپەکەوە،لەوانەش هۆکاری دارایی و فشاری هاوڕێ و خیزان و هەڵهاتن لە ماڵەوەو پێگەی کۆمەڵایەتی. بەپێی توێژینەوەکانی هیومان رایتس ۆوچ لەسەر بەسەربازکردن و بەکارهێنانی منداڵان لە زیاتر لە ١٢ ململانێی چەکداری لە سەرانسەری جیهان، ئەم فاکتەرانە هەمیشە هۆکاربون لەپشت پەیوەندیکردنی مێردمنداڵان بە گرووپە چەکدارەکانەوە لەکاتی جەنگدا. هەروەها لە توێژینەوەکانی زانکۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەسەر چەند وولاتێکی جیاواز،بە پێچەوانەی بۆچوونی گشتی، دەرکەوتووە زۆر بەدەگمەن ئایدۆلۆژیا پاڵنەری سەرەکیە لە بەشداریکردنی مێردمنداڵان بە گرووپە توندڕەوەکانەوە.[4] هیچ کام لەو منداڵانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا بۆ ئەم راپۆرتە نەیانگووت ئایدۆلۆژیای داعش ڕۆڵی هەبووە لە بڕیارەکەیان بۆ پەیوەندیکردن بە گرووپەکەوە.

هەندێک لە مێردمنداڵەکان ووتیان لە پێناو وەرگرتنی مووچەیەک پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە. "ئەیمەنی" تەمەن ١٦ ساڵ ووتی، "هیچم نەبوو، بۆیە بڕیارمدا پەیوەندیان پێوە بکەم بۆ دەستکەوتنی بڕە پارەیەک. مانگی ٦٠ هەزار دیناریان دەدا. هیچم نەدەکرد تەنها لەژێر پردێکدا دەوەستام و چەکێکم پێبوو. هەرئەوە بوو."[5] "سەلام"ی

**١ هیومان ڕایتس ۆوچ، کەم و کورتی دادوەری: بەرپرسیارێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق، کانوونی دووەمی ٢٠١٧،**
https://www.hrw.org/report/2017/12/05/flawed-justice/accountability-isis-crimes-iraq.

٢ نەتەوەیکگرتووەکان، ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی لەسەر منداڵان و شەڕی چەکداری لە عێراق، تشرینی دووەمی، ٢٠١٥
http://www.un.org/ga/search/view_doc.asp?symbol=S/2015/852&Lang=E&Area=UNDOC (accessed February 14, 2019).

٣ لەلایەن مارا ڕێڤکن و سبحان ئۆونیڵ و کاتۆ ڤان برۆوکهۆوڤن، لانکەی جەنگ: تێوەگلانی منداڵان لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان لە جەنگی نوێدا، زانکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان، ٢٠١٨، لاپەڕە ١١٠

٤ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٧

٥ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "ئەیمەن،" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

تەمەن ١٧ سال ووتی، لە ساڵی ٢٠١٥ لە موسڵ پەیوەندی بە داعشەوە کرد کاتێک تەمەنی ١٤ ساڵ بووە. ووتی وەک چێشتلێنەر مانگی ٦٥ هەزار دیناری هەبوو. ووتیشی، "هەرگیز نەمدەویست شەڕ بکەم، بۆیە وەک چێشتلێنەر کارم دەکرد."[6]

زۆرێکیان ووتیان لە ماوەی ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی داعش لە ناوچەکە، قوتابخانە لە گووندەکانیان وەستاو داعش دەستیگرت بەسەر هەموو شوێنەکانی کارکردندا. "یوسفی" تەمەن ١٧ ساڵ ووتی، لە چێشتخانەیەکی موسڵ کاری دەکرد، بەڵام پاش کەمتر لە مانگێک لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەن داعش، چێشتخانەکە داخرا. ووتی، پاشان بۆماوەی سێ مانگ لە چێشتخانەیەکی تر دەستی بەکار کرد کە خواردنیان بۆ داعش ئامادە دەکرد. یوسف ووتی، داعش ناسنامەکەیان بردووە بۆ تۆمارکردنی ناوی تاکو کرێی ڕۆژانەکەی بدەن ، ئەو پێی وایە بۆیە ناوی لەناو لیستی داواکراوانی داعشدا دەرکەوتووە.[7]

"فەرەج"ی خەڵکی موسڵ ووتی، لە ساڵی ٢٠١٤ واز لە قوتابخانە دەهێنێ لەبەرئەوەی داعش قوتابخانەکانی بۆ بەسەربازکردنی منداڵان بەکاردەهێنا. پاش دوو ساڵ و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا، بڕیاردەدات پەیوەندی بە گرووپەکەوە ئەو بکات بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی. ووتی بۆماوەی ٢٠ ڕۆژ مەشقی سەربازی و ئاینی پێکراوەو بووە بە ئەفسەر ووتی، "وەک پۆلیس دانرابووم بۆ پارێزگاریکردنی بینا گشتیەکان و شەقامەکان. ئازاری هیچ کەسێکم نەداوە، تەنانەت لەکاتی پۆلیسیەکەشمدا."[8]

"فەواز"ی تەمەن ١٦ ساڵ ووتی، فشاری هاوڕێ زۆرجار هۆکار بووە لە بڕیاری خەڵک لە پەیوەندیکردن بە داعشەوە. "ئەگەر ئامۆزاکانت و هاوڕێکانت پەیوەندیان بکردایە بە داعشەوە، دەهاتن و قەناعەتیان پێدەکردی تا دوایان بکەوی. ئەگەر کەسێک لە عەشرەتەکەدا پەیوەندی پێوەبکردنایە، ئەوانی تریش دەرۆشتن."[9] "داود"ی خەڵکی حەویجە ووتی لە ساڵی ٢٠١٥ پەیوەندی بە داعشەوە کرد کاتێک ١٤ ساڵ بوو. "لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تەمەنی خۆم بووم ، ١٥ کەس بووین، بڕیارماندا بەشداری مەشق بکەین." بەڵام، ئەو ووتی، پاش یەک ڕۆژ لە مەشق کردن بۆچوونی دەگۆڕێ و واز دەهێنێ.[10]

"نەواری" تەمەن ١٧ ساڵ ووتی، براگەورەکەی فشاری لێدەکات تا پەیوەندی بە داعشەوە بکات. "نەم دەویست پەیوەندیان پێوە بکەم، داعشم نەدەویست. خاڵەکانم شیعەن و سەری دایکمم زۆر خۆشدەوێ. هەستدەکەم زیاتر شیعەم نەک سوونی و دژی ئایدۆلۆژیایی داعشم. نەم دەویست وەک ئەوان نوێژ بکەم. نەوار ووتی، براکەی لە کۆتایدا بە زۆر قەناعەتی پێدەکاو پەیوەندی بە داعشەوە دەکات. نەوار ووتی بۆماوەی ١٠ ڕۆژ بەشداری مەشقی کردوەو بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژی تر وەک پاسەوان کاریکردوە. پاشان براکەی دەکوژرێ و نەواریش داعش جێدەهێڵێ. نەوار ووتی، "کاتێک براکەم کوژرا، ئیتر هیچ هۆکارێک نەما بۆ مانەوە."[11]

---

٦چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەلام،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٧ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "یوسف،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "فەرەج،" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "فەواز،" کامپێکی ئاوارەکان لە باشوری موسڵ، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٠چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "داود،" کامپێکی ئاوارەکان لە باشوری موسڵ، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١١ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "نەوار،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

هەندێک لە مێردمنداڵەکان بە هیومان رایتس ۆوچیان ووت، بەشداری مەشقی ئاینیان کردووە، بەڵام هیچ پەیوەندیەکی تریان بە داعشەوە نەبووە. "سامی" خەڵکی موسڵ ووتی لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا وازی لە قوتابخانە هێنا تا لە کارگەیەک کاربکا و ووتی تەنها پەیوەندی لەگەڵ داعش بەشداریکردنی کۆرسێکی ١٥ ڕۆژی قورئان خوێندن بووە لە مزگەوتێک لە پاش کارکردن.[12]

دوو لە مێردمنداڵەکان ووتیان لەبەر کێشەی خێزانی پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە. "سەعدون"ی تەمەن ١٧ ساڵ ووتی کاتێک دایکی دەمرێت دراوسێیەکیان دەیبات بۆ لای داعش چونکە پێی وایە هاوکاری دەکەن. بۆماوەی چەند ڕۆژێک بەشداری لە مەشقی ئاینی و چەک دەکات، بەڵام ووتی نەیویستووە پەیوەندیان پێوە بکات و بەیعەت بە داعش بدات. "هەڕەشەیان لێکردم کە دەبێت بگەڕێمەوە، بەڵام نەم دەویست بگەڕێمەوە. لە پشتی خانووەکەمان خۆم دەشاردەوەو لە دەرەوە دەخەوتم. شتی خراپیان دەکردو نەمدەویست پشتگیریان لێبکەم، بۆیە دەمویست شوێنەکە جێبهێڵم."[13]

"مەحمود" ووتی، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پەیوەندی بە داعشەوە کردووە لەبەرئەوەی حەزی بە ماڵەوە نەبووە. باوکی لێیدەدا لەبەرئەوەی لە دەرەوە شەری دەکرد، بۆیە بڕیاریدا ماڵەوە جێبهێڵێ و پەیوەندی بە داعشەوە بکات. بەڵام لەگەڵئەوەش لە کاتی تاقیکردنەوەی سەرەتایدا بۆ پەیوەندیکردن بە داعشەوە بۆچوونی دەگۆڕێ و دەڕواتەوە ماڵەوە. سێ تا چوار مانگ دواتر، ماڵی مامی بە هێرشی ئاسمانی دەکەوێت و هەموو منداڵەکانی مامی دەکوژرێن. مەحمود بڕیار دەدات دووبارە پەیوەندی بە داعشەوە بکات. ئەو ووتی، ئەم جارە بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ بەشداری مەشقی شەریعەی ئیسلامی و بەکارهێنانی چەکم کرد و پاشان چەند ڕۆژێک لە موسڵ لەگەڵ مەفرەزەکانی داعش بە کلاشینکۆفەوە لە موسڵ بووم، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ دەگوێزرێتەوە بۆ گوندێکی مەسیحی بەناوی کارملش بە دووری ٣٠ کیلۆمەتر لە باشووری شاری موسڵ و فەرمانی پێدەکرێ بەشداری لە هێرشێک لە دژی پێشمەرگە بکات. "هەمووی چەکی هەڵگرت و ڕۆیشت بەرەو بەرەکانی پێشەوەی شەڕ. بەشێوەیەکی هەڕەمەکی تەقەم لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکرد. دەترسام، ووتم ئەمە ئیتر مردنە. شەڕەکە ماوەی شەش کاتژمێری خایاند، بەڵام دوای ئەوە هێرشی ئاسمانیمان کرایەسەرو چەکدارەکانی داعش دەستیان بە هەڵهاتن کرد." ئەو ووتی، پاش شەڕەکە، بۆماوەی چەند ڕۆژێک هاوکاری کردوە لە گواستنەوەی بریندارو کوژراوەکانی داعش، بەڵام دوای ئەوە بڕیار داوە وازبهێنێ و بگەڕێتەوە ماڵەوە.[14]

"جەبار" ووتی، لە حوزەیرانی ٢٠١٧ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندی بە داعشەوە کردووە تا وەک ئازاو پاڵەوان دەرکەوێ لەناو کۆمەڵگەکەی. ئەو ووتی، "پەیوەندیم بە داعشەوە کرد لەبەرەوەی ئازاو بەهێز دەرکەوم. خەڵک هەمووی سەیرت دەکات. هەست بە هێزو گەورەی دەکەی کاتێک چەکت بەشانەوەیەو بەسەر جادەدا دەڕۆی." ووتی کە زۆرێک لە هاوڕێکانی پەیوەندیان بە داعش کردوە بۆیە ئەویش دوایان کەوتووە. هەروەها ووتی، هیچی دەربارەی ئامانجی داعش نەزانیوە ، بەڵام پێی وابووە پەیوەندیکردن بە داعشەوە شتێکی خۆشە." ئەو ووتی، بۆماوەی ١٥ ڕۆژ مەشقی لەسەر شەریعەی ئیسلامی پێکراوە، بەڵام مەشقی چەکی پێنەکراوە. بەڵام کلاشینکۆفێکی پێدراوە. جەبار ووتی، ماوەی سێ مانگ وەک شۆفێری تەنکەری ئاو کاری بۆ داعش کردووەو مانگانە ٦٠ هەزار دیناری هەبووە. کاتێک هاوپەیمانی دژبە داعش لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ دەستیان بە هەڵمەتی ڕزگارکردنی حەویجە

---

١٢ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سامی،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەعدون،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٤ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "مەحمود،" هەولێر،٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

کرد کە بە دووری ١٢٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ، جەبار هەڵدێ. ئەو ووتی، داعش پێیان گوتوە دەبێت بمێنێتەوەو شەڕ بکات، بەڵام جەبار پارە بە قاچاخچیەک دەدات بۆ دەربازکردنی لە حەویجە.[15]

هەندێک لە مێردمنداڵەکان ووتیان زۆر لە داعش نائومێد بوون. مەحمود کە لە سەرەوە ناوی هێنرا ووتی، "بۆم دەرکەوت هەرکەس بۆ بەرژەوەندی خۆی کاردەکات. فەرماندە باڵاکان کوڕەکانیان نەدەنارده بەرەکانی پێشەوەی شەڕ، تەنها ئەوانەمان دەرۆیشتین کە هیچ کەسمان لەناو داعش نەدەناسی. خێزانە داعشەکان ژیانیان لە ئێمە باشتر بوو، خواردنیان باشتربوو. ئێمە تەنها پیازمان دەخوارد، بەڵام دراوسێ داعشەکانمان هەموو ڕۆژێک مریشک و گۆشتیان دەخوارد."[16] "محەمەد" ووتی، بۆماوەی ٦٠ ڕۆژ لە ناو داعش مەشقی پێکرا، بەڵام بڕیاریدا وازبهێنێ. "داعش گروپێکی زۆر خراپە،" ئەو ووتی. "ماڵوێرانکەرن. تەنها هۆکار لە پشت پەیوەندیکردنمان بە داعشەوە ئەوەبوو کە منداڵ بووین و هیچمان نەدەزانی. بەڕاستی نەمدەزانی چۆن بوون. منداڵ بووین."[17] "جەبار" ووتی، ئێستا پەشیمانە کە پەیوەندی بە داعشەوە کردووە. "ئەگەر دووبارە چانسی بەشداریکردن بێتەوە بەردەمم، پەیوەندیان پێوە ناکەم. هیچ قازانجێکی نەبوو. تەنها قازانجێک کە دەستم کەوتبێ لە پەیوەندی کردن بە داعشەوە زیندانیکردنە."[18]

هیومان ڕایتس ۆوچ نەیتوانی سەربەخۆ ئاست و جۆری بەشداریکردنی ئەم مێردمنداڵانە لەگەڵ داعش بزانێ.

---

١٥ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "جەبار،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٦ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "محمود،" هەولێر٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٧ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "محەمەد،" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "جەبار،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

# II. لیستەکانی "داواکراوان" و سکرینکردنی گومانلێکراوانی داعش

لەکاتی جەنگی دژبە داعش، هێزە ئەمنیەکانی عێراق و کوردیەکان دەستیان بە کۆکردنەوەی چەندین لیستی ناوی گومانلێکراوانی ئەندامانی داعش کرد. وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ژمارەی ئەو چەکدارانەی داعش کە بەرگریان لە بەلام بەپێی ووتەی بەرپرسە هەواڵگریە باڵاکانی عێراق، لیستەکانی [19]موسڵ کرد بە ٣ تا ٥ هەزار چەکدار خەمڵاند، بەرپرسە ئەمنیەکان ئەو ناوانەیان لە [20]ناوی گومانلێکراوانی داعش بۆ نزیکەی ١٠٠ هەزار ناو زیادی کرد. دەستگیرکراوانی تر لەکاتی لێکۆڵینەوە یان لە خەڵکی هەڵهاتووی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعشەوە کۆدەکردەوە هەروەها لەو زانیاریانەشەوە کە داعش خۆی بڵاوی دەکردنەوە. لیستەکان ناوی هەموو ئەو کەسانەی لەخۆدەگرت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ داعش بوون ، بەوانەشەوە کە شۆفێرو چێشتلێنەر بوون یان ئەوانەی کە خزم و بەگوێرەی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، [21]کەس وکاریان لە ناو گرووپەکەدا هەبووە. زیندانیکردنی کەسێک تەنها لەبەرئەوەی یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکانیان تاوانی ئەنجامداوە "خراپترین" جۆری ئەمە جگەلەوەی هیومان ڕایتس ۆوچ چەندین ڕاپۆرتی لە خێزانی دەستگیرکراوانەوە پێگەیشت [22]ڕەشبگیریە. سەبارەت بەوەی هەندێک جار دراوسێ و خەڵکی ناووچەکە تۆمەتی بە داعشبوونیان داوەتە پەنای کەس وکارو [23]ئەندامانی خێزانیان لەبەرئەوەی ناکۆکی خێزانی وکەسیان هەبووە یان بەهۆی ناکۆکی لەسەر زەوی و زار.

بازگەکان داوای [24]لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ و سەرەتایی ٢٠١٧، هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی بەرپرسانیان دەکرد کە لە ناسنامە لەو پیاو گەنجانە دەکەن کە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعشیان جێدەهێشت و ئەوانەیان دەستگیر دەکرد کە ناوەکانیان لەناو لیستەکاندا بوو. لە هەندێک کەیسدا، خەڵک دەستگیر دەکران لەبەرئەوەی یەکێک لە دراوسێکانیان کە پێکەوە هەڵهاتبوون لە بازگەکان دەستیان بۆ درێژدەکردن و دەیان گووت پەیوەندی بە داعشەوە هەبووە، تەنانەت ئەگەر ناویشیان لە ناو لیستەکاندا نەبووایە. بەپێی ووتەی ئەفسەرێکی باڵای هەواڵگری عێراق، هەزاران کەس بە گومانی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش لەلایەن هێزە ئەمنیەکان لەسەر بنەمای زانیاری هەڵە هەروەها هیومان ڕایتس ۆوچ ڕاپۆرتی دۆکیومێنتاری [25]یان لەبەرئەوەی ناوەکانیان بەهەڵە دراوە دەستگیرکراون. لەسەر چەندین کەیسی دەستگیرکردنی پیاوان وگەنجان کردووە لەبەرلێکچوونی ناویان لەگەڵ ناوی گومانلێکراوانی تری داعش لەناو لیستەکاندا.

---

١٩ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەلایەن پیتەر کوک، یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ کاروباری گشتی، ئارلنتن، ڤێرجینیا، ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦
https://www.c-span.org/video/?417070-1/peter-cook-briefs-reporters-military-operations-mosul (accessed February 14, 2018).

٢٠ بێن تاوب، "هەڵمەتی تۆڵەسەندنەوەی عێراقی دوای داعش،" نیۆرکەر، ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨

٢١ هیومان ڕایتس ۆوچ، کەم و کورتی دادوەری: بەرپرسیارێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق، کانوونی دووەمی ٢٠١٧،

٢٢ نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، "کۆمێنتی ژمارە ٣٥،"
https://www.refworld.org/docid/553e0f984.html (accessed February 14, 2019), para. 16

٢٣ "عێراق:ئاوارەبوون، بەندکردنی خیزانی گومانلێکراوانی داعش،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٥ی مارسی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/03/05/iraq-displacement-detention-suspected-isis-families.

٢٤ هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی زنجیرەیەک کاری دەزگاکانی وەک سووپاو هەواڵگری سوپاو یەکەی دژەتیرۆرو یەکەی ئەمنی نەتەوەیی ویەکەی بەرپەرچدانەوەی خێراو پۆلیسی فیدراڵێ و هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئاسایش و پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گومانلێکراوانی داعشیان سکرین دەکردو دەستگیریان دەکردن

٢٥ بێن تاوب، "هەڵمەتی تۆڵەسەندنەوەی عێراقی دوای داعش،" نیۆرکەر، ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨

لەبەرئەوەی بەرپرسان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەو هەندێک جار ئەشکەنجەدان ناوی گومانلێکراوانی داعش یان بەهۆی ئەوەی ئەندامێکی خێزانەکانیان پەیوەندی بە داعشەوە هەبووە، یان بە هەڵە ناوی [26]دەدۆزنەوە، کەسێک دراوە، یان لەلایەن یەکێک لە خەڵکی ناوچەکەوە تۆمەتبارکراوون بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی بەردەست، چەندین پیاو مێردمنداڵ کە هیچ پەیوەندیەکیان بە داعشەوە نەبووە یان پەیوەندیەکی زۆرکەمیان هەبووە دەستگیرکراون.

٢٦ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "جەبار،" هەولێر ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

# III. مامەڵەی هێزەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق لەگەڵ مێردمنداڵانی گومانلێکراوی داعش

## دەستگیرکردن

لە [27]هێزە عێراقیەکان بە هەزاران مێردمنداڵیان بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکردووە. تشرینی دووەمی ٢٠١٨، هیومان ڕایتس ۆوچ ڕاپۆرتێکی دۆکیومێنتاری لەسەر ژمارەیەک کەیسی دەستگیرکردنی مێردمنداڵانی لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە لە کامپەکانی ئاوارەکاندا ئەنجامدا. پیاوێک ووتی، کوڕەکەی بەناوی "عەبدوڵا" کە لەوکاتەدا تەمەنی ١٣ ساڵ دەبێت بەهۆی هێرشێکی ئاسمانیەوە قاچێکی لەدەست دەدا. ئەو خێزانە لە ساڵی ٢٠١٧ بۆ یەکێک لە کامپی ئاوارەکان هەڵدین. پاش مانەوە لەو کامپە بۆماوەی ساڵێک، هێزێکی سواتی عێراقی کە لەژێر فەرماندەی وەزارەتی ناوخۆدایە لە مانگی ئابی ٢٠١٨ هەڵدەکوتنە سەرکامپەکەو عەبدوڵای تەمەن ١٤ ساڵ بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیر دەکەن. باوکەکە ووتی، "وابزانم کەسێکی گووندەکەمان ڕاپۆرتی لەسەرداوە لەبەرەوەی خاڵی داعش بووە. خەڵک ووتویانە کە لە موسڵ لەگەڵ داعش بینیویانە. ڕەنگە لەگەڵ چەند داعشێک بینرابێ لەبەرئەوەی هاوڕێ و خاڵۆزای بوون، تەنها ئەوە بووە." سێ مانگ تێپەڕیوە بەسەر دەستگیرکردنی منداڵەکەدا،بەڵام ئەو خێزانە هیچ زانیاریەکیان لەسەر شوێن و چارەنووسی عەبدوڵا [28]پێنەگەیشتووە.

ژنێک لە کامپی ئاوارەکان ووتی، پۆلیسی عێراق لە مانگی ئابی ٢٠١٨ کوڕە تەمەن ١٣ ساڵەکەی و داپیرە ٧٠ ساڵەکەیان لە کەمپەکەدا دەستگیر کردووە. ئەو ووتی کە مێردەکەی و براکانی لەناو داعشدا بوون بەهۆی هێرشی ئاسمانیەوە لە موسڵ کوژراون. کوڕەکەی تەنها ١٢ ساڵ بوە کاتێک موسڵیان جێهێشتووە. ژنەکە ووتی، پۆلیس پێیان ووتوە خەڵک گازندەی ئەوەیان کردوە کە کوڕەکەی بە جلوبەرگی قەندەهاری داعشەوە بینراوەو چەکی پێبووە. ئەو ژنە نکۆڵی کرد لەوەی کە کوڕەکەی هەرگیز چەکی پیبووبێ. "لەو بڕوایەدام لەبەرئەوە هەردوکیانیان بردووە چونکە بڕواناکەن مێردەکەم و براکانی کوژرابن چونکە ناتوانین تەرمەکانیان نیشان بدەین. لەبەرەوە دەستگیریان کردون تا مێردەکەم ناچار بکەن خۆی بەدەستەوە بدات، یان ڕەنگە بۆ پارە بێ چونکە ئەوکەسانەی ڕاپۆرت دەدەنە [29]پۆلیس لەسەر گوومانلێکراوانی داعش لەبەرامبەردا بڕێک پارە وەردەگرن."

ژنێکی تری کامپەکە بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت هێزە ئەمنیەکانی عێراق کوڕە تەمەن ١٥ ساڵەکەیان "ئەحمەد" لە مانگی مایسی ٢٠١٨ دەستگیر کردووە. ئەو ووتی سەربازێک هاتە ناو خێمەکەو پرسیاری کوڕەکەی کرد لەکاتێکدا لەدەرەوە بوو یاری تۆپی پێی دەکرد. ووتی، یەک دوو کاتژمیر دواتر، ئۆتۆمبێلێک بە حەوت سەربازەوە گەڕایەوە. ژنەکە ووتی پێیان گووت کە کوڕەکەی کێشەی نیە تەنها دەیانەوێ چەند پرسیارێکی لێبکەن لەبەردەم خێیدا. ئەو ووتی، بەڵام کاتێک کوڕەکەی گەڕایەوە، سەربازەکان بردیان. ژنەکە ووتی، "کوڕەکەم دەستی بەگریان کردو ووتی دایکە، دایکە وەرە لەگەڵم، لەگەڵی ڕۆیشتمە ناو ئۆتۆمبێلە سەربازیەکە، بەڵام بەپاڵ کردیانمە خوارەوە." ووتی، ئەفسەرەکان پێیان گووت دەیهێننەوە بەڵام ئەوە شەش مانگەو هێشتا نەگەڕاوەتەوە. بەپێی ووتەی خێزانی کوڕەکە،

---

٢٧ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ بەرپرسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان (ناو ئاشکرا نەکراوە)، ١٣ی شووباتی ٢٠١٩

٢٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا نەکراوە) لە کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٢٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا نەکراوە) لە کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

باوک و براکانی داعش بوون و لە موسڵ کوژراون، بەڵام ئەحمەد داعش نەبووە. دایکی ووتی، ئەحمەد لە زیندانێکی شەرگاتەوە تەلەفۆنی بۆ کردوەو داپیرەی ڕیگەی پێدراوە دووجار بیبینێ—جارێک لە زیندانی شەرگات و پاش گواستنەوەی جارێکی تر لە زیندانی تکریت—بەڵام هیچ زانیاریەکیان نیە لەسەر کەیسەکەی و نازانن کەی ئازاد دەکرێ.[30]

هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دوو خێزانی تر قسەی کرد کە گوتیان هێزە ئەمنیەکان منداڵێکی خێزانەکەیان لە کامپەکە دەستگیر کردووە بە تۆمەتی ئەندام بوون لەناو داعش. پیاوێک ووتی برا ١٧ ساڵەکەی "ئیبراهیم" لە ئەیلولی ٢٠١٧ لە کامپی حەمام عەلیل دەستگیر کراوە، بەڵام کاتێک خێزانەکەی دەچنە بنکەی پۆلیس بۆ سۆراخکردنی ،لەوێ نکۆڵی دەکەن لەوەی دەستگیریان کردبێ. ساڵێک بەسەر دەستگیرکردنیدا تێپەڕیوە، بەڵام خێزانەکە هیچ زانیاریەکیان لەسەر چارەنوسی کوڕەکەیان نیە. براکەی ووتی، "ئیبراهیم نە پەیوەندی بە داعشەوە هەبووەو نە کاری لە کەیسێکی تردا، باوکێک ووتی کە پۆلیس لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ کورەکەیان [31]بۆ کردوون." نازانم بۆ بردیان." دەستگیرکردوە کاتێک تەمەنی ١٤ ساڵ بووە. ووتی یەک جار ڕێگەیان پێداوە بۆ بینینی کوڕەکەی لە زیندانی حەمام عەلیل بۆ ماوەی دوو خولەک. پاش دوو هەفتە دەگەڕێتەوە بۆ زیندانەکە، بەڵام پۆلیس پێی دەڵێن کوڕەکەی گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر. یەکێک لە ئەفسەرەکان پێی دەڵێ کوڕەکەی گوازراوەتەوە بۆ موسڵ، بەڵام یەکێکی تر [32]پێی دەڵی بۆ بەغدا. "سەرم لێتێکچووە،" ووتی، "نازانم چی بەسەر کوڕەکەم هاتووە."

ژنێک بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت کە هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق لە بازگەیەکی باشوری شاری موسڵ لە مانگی ئابی ٢٠١٧ هەستاون بە دەستگیرکردنی کوڕە تەمەن ١٥ ساڵەکەی "ئەسیر" و کوڕە تەمەن ١٧ ساڵەکەی ئەو ووتی، هێزەکانی دژە تیرۆر لە پاش داواکردنی ناسنامەکانیان لەکاتێکدا لەناو ئۆتۆمبێلی خێزانەکەیاندا [33]"سەدام". دەبن لە بازگەیەک، هەردوو کوڕەکەی کە قوتابی بوون دەستگیردەکەن لەکاتێکدا لەسەروبەندی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە بوون.

> هەمووومان پێکەوە لەناو ئۆتۆمبێلەکدا بووین، ئەفسەرەکان ئۆتۆمبێلەکەیان وەستاندو هەردوو کوڕەکەیان دابەزاند و ووتیان کە پاش چوار ڕۆژی تر دەیان بینینەوە. نازانم بۆچی دەیانویست لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، ئەوان تەنها منداڵن. لەکاتێکدا لەوێ بوین، بیینم کە ئەفسەرەکان لانی کەم لە ١٠ کەسی تریان لەناو چەند پاسێک کە ئاوارەی تێدا بوو داگرت و دەستگیریان کردن [34]کە هەموویان لە مێردمنداڵ دەچون.

ئەو ووتی، سەرەڕایی ئەوەی ئەفسەرەکان دڵنیایان کردینەوە لەوەی کە پاش چوار ڕۆژی تر کوڕەکان دەبینینەوە، بەڵام لەدوای دەستگیرکردنیان دیار نەماون و هیچ دەزگایەکی حکومیش هیچ زانیاریەکیان لەبارەی شوێن و [35]چارەنووسیانەوە پێنەداوین، سەرەڕای ئەوەی چەندیجار داوامان کردووە.

---

٣٠ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا نەکراوە) لە کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٣١ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا نەکراوە)، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٣٢ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا نەکراوە)، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٣٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا نەکراوە)، نەمرود ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨

٣٤ هەمان سەرچاوە

٣٥ هەمان سەرچاوە

هەندێک لەم کەیسی دەستگیرکردنانە دەچنە خانەی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملێ. بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ بریتیە لە دەستگیرکردن و زیندانیکردنی کەسێک لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەت یان ئەو کەس و لایەن و گرووپانەی کار بۆ دەوڵەت دەکەن و لەپاش دەستگیرکردنەکە ڕەتی دەکەنەوە کە دەستگیریان کردبن و هیچ زانیاریەک لەسەر شوێن و چارەنوسی دەستگیرکراوەکان نادەن. پێشتر هیومان ڕایتس ۆوچ ڕاپۆرتی دۆکیومێنتاری لەسەر بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێی سەدان پیاو گەنجی عێراق لەلایەن هێزە ئەمنی و سەربازیەکانەوە کردووە ، لە یەکیک لە ڕاپۆرتەکاندا باس لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێی ٧٤ پیاو چوار مێردمنداڵ لە نیوان نیسانی ٢٠١٤ بۆ تشرینی ٢یەکەمی ٢٠١٧ کراوە.[36]

## لیکۆڵینەوەو ئەشکەنجە

بەرپرسانی عێراق هەستاون بە سزادانی هەزاران زیندانی بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش کە لە نێویاندا بە سەدان مێردمنداڵ هەیە.[37] زۆرجار لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا زیندانی ئەشکەنجە دەدرێ تا ناچار بکرێ بە دانپێنان. لەبەرئەوەی یاسای دژەتیرۆری عێراق سزای توندی ئەوکەسانە دەدات کە ئەندام بوون لەناو داعش، دادگا عێراقیەکان زۆر بەکەمی پشت بە شاهێدی قوربانیان و شاهێدحاڵان دەبەستن لە دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی ئەو گومانلێکراوانەی داعش کە تاوانێکی دیاریکراویان ئەنجامداوە وەک دەستدرێژی سێکسی و کوشتن.[38]

"کەریم"ی ١٧ ساڵ ووتی، لە نیسانی ٢٠١٧ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی عێراقەوە دەستگیرکراوە لەبەرئەوەی ناوی لە ناو "لیستی داواکراواندا" بووە. کەریم ووتیشی، لەگەڵ ٦٠ زیندانی تر لە ژووری زیندانێکی ٤ بە ٥مەتریدا بووە و ئەفسەرە ئەمنیەکان زوو زوو هاتوون و بە کێبڵ لە زیندانەکانیان داوە. ئەو ووتی، لە ٦٠ زیندانیەکە لانی کەم ١٥یان مێردمنداڵ بوون لە خوار تەمەن ١٨ ساڵەوە.[39]

کەریم ووتی، سەرەڕایی لێدانی بە کۆمەڵ، بە تەنهاش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراووە. ئەو ووتی لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا ئەفسەران پێیان وتووە دەبێ دانبێ بەوەی پەیوەندی بە داعشەوە کردووە. ئەو ووتی، لەسەر پشت خستویانەتە سەر زەویەکەو بەدار لە ژێرپێیانداوە لەکاتێکدا قاچی بە ئاسمانەوە بوە بەبەستراوی. هەروەها ووتی کە ئەفسەرانی لێکۆڵەر دەستیان لە پشتەوە بەستوەو هەرجارەو بۆماوەی ١٠ خولەک بە قۆڵی هەڵیانواسیووە. هەردوو خولەک جارێک بۆماوەی ١٠ خولەکی تر هەڵیدەواسن. چوا جار ئەم تەکنیکەیان لەسەر ئەنجام داوە، ئەو ووتی. کەریم[40] ووتی، لێکۆڵەرەکان پێیان گوتووە دەبێت ئیعتراف بکات لەسەر ئەوەی کە بۆماوەی سێ ڕۆژ پەیوەندی بە داعشەوە کردوە، ئەویش ئیعتراف دەکات.[41]

---

٣٦ هیومان ڕایتس ۆوچ، "ژیان بەبێ باوک بێ مانایە،" دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ لە عێراق ٢٠١٤-٢٠١٧، ئەیلولی ٢٠١٨ https://www.hrw.org/report/2018/09/27/life-without-father-meaningless/arbitrary-arrests-and-enforced-disappearances-iraq.،

٣٧ هیومان ڕایتس ۆوچ، کەم و کورتی دادوەری: بەرپرسیارێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق، کانوونی دووەمی ٢٠١٧،ە

٣٨ هەمان سەرچاوە

٣٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "کەریم،" شارۆچکەیەکی باشوری موسڵ ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٤٠ هەمان سەرچاوە

٤١ هەمان سەرچاوە



جۆن هۆلمس©بۆ هیومان رایتس ۆوچ
"کەریم" ووتی ئەفسەرانی لێکۆڵەر لەژێرپێیانداوە
لەکاتێکدا قاچی بە ئاسمانەوە بوە بەبەستراوی ٢٠١٨

کەریم ووتی پاش هەفتەیەک دەیبەنە بەردەم دادوەر، بەڵام ئەفسەرانی لێکۆڵەر پێشتر پێی دەڵێن، ئەگەر لەبەردەم دادوەر نکۆڵی لە دانپێنانەکەی بکات ئەوا ئەشکەنجەی زیاتری دەدەن.
ئەو ووتی، "ئەفسەرەکان هاتنە ناو ژووری دادگاکە لەگەڵم. ترسام نکۆڵی لە دانپێنانەکەم بکەم، بۆیە بە دادوەرەکەم ووت بۆماوەی سێ ڕۆژ پەیوەندیم بە داعشەوە کردووە. زۆر دەترسام لەوەی کە بڵێم ئەشکەنجە دراوم."[42]

کەریم ووتی لە پاش ٤٥ ڕۆژ لە زیندانی لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ زیندانی تر گوازراوەتەوە بۆ زیندانێک لە فرۆکەخانەی بەغداد. ووتی، لەوێ ئەفسەرانی ئەمنی ناو زیندانەکە بە پلاستیک دەستیان بەستووە و بە سۆندە لە هەموو جەستەیان داوە. ئەو ووتی، بۆماوەی حەوت مانگ و نیو لە بەغدا زیندانی بووە. "هەموو ڕۆژێک ئەشکەنجە بوو. هەموو ڕۆژێک لە هەموومانیان دەدا." لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧، چاوی بە دادوەرێکی تر دەکەوێت و پاش دوو هەفتە فەرمانی ئازادکردنی دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی.[43]

## دەرکەوتن لە دادگاو دادگایکردنەکان

بەپێی ووتەی پارێزەرێکی عێراقی کە بەرگری لەو مێردمنداڵانە کردوە تۆمەتبارن بە تێوەگلان لە کاری تیرۆریستی لە عێراق، نزیکەی ٤٠٠ تا ٥٠٠ مێردمنداڵ—کە لە نێویاندا دەیان مێردمێرمنداڵی بیانی هەبووە—لە عێراق بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە داعشەوە دادگایکراون.[44] سزای زیندانی ئەو مێردمنداڵانەی تاوانبارن بە ئەنجامدانی کاری

٤٢ هەمان سەرچاوە
٤٣ هەمان سەرچاوە
٤٤ عێراق: گۆڕانکاری لە شێوازی دادگایکردنی ژنان و منداڵانی بیانی پەیوەندیدار بە داعش،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨
https://www.hrw.org/news/2018/06/21/iraq-change-approach-foreign-women-children-isis-linked-trials

تیرۆریستی بەپێی یاسای عێراق زۆر زیاترە—لە ٥ بۆ ١٥ ساڵ—بە بەراورد بە یاسای دژە تیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها [45]بەپێی یاسای سزادانی عێراق، پێویستە پۆلیس لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەستگیرکراو بباتە بەردەم دادوەر. یاسای عێراق ماف بە دەستگیرکراو دەدات پارێزەر بۆ خۆی دیاری بکات یان دەوڵەت پارێزەری بۆ دابین بکات و دەبێت ئەو پارێزەرە لەسەرتاسەری ماوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەستگیرکراو ئامادە بێت. بەڵام لە توێژینەوەکەماندا دەرکەوتووە کە بەرپرسانی عێراق زۆر بەکەمی گومانلێکراوانی داعشیان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بردۆتە بەردەم دادوەرو [46]گومانلێکراوەکان زۆرجار پارێزەریان نەبوە ئامادەبێ لەکاتی لێکۆڵینەوەکان و پرۆسەی دادگایکردنیاندا.

ژمارەیەک دادوەری عێراق کە هیومان رایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن ووتیان، بۆ سزادانی گومانلێکراوانی داعش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە دانپێنانی تۆمەتبارەکان و نووسراوی شاهێدی لەلایەن دراوسێ و هیومان رایتس ۆوچ زۆر نیگەرانە لەوەی کە دادوەرانی بەغدا لەکاتی دادگایکردنەکاندا [47]هاورێکانیانەوە دەبەستن. بەردەوام تۆمەتی بەرگریکاران لەسەر ئیعتراف کردن لەژێر ئەشکەنجەدا پشتگوێ دەخەن. لە مانگی حوزەیران و تەمووزی ٢٠١٨، هیومان رایتس ۆوچ چاودێری پرۆسەی دادگایکردنی ١٨ گومانلێکراوی داعشی لە بەغدا کرد. لە کۆی ١٨ گومانلێکراوەکە، ١٦یان ووتیان کە ئەشکەنجەدراون و هەندێکیان بۆ ناچارکردنیان بووە بە ئیعتراف کردن. لە هەندێک حاڵەتدا، دادوەران داوایان لە بەرگریکاران دەکرد شوێنی ئەشکەنجەکانی سەر جەستەیان نیشان [48]بدەن، بەڵام جگە لەوە دادوەران هیچ هەنگاوێکی تریان نەدەگرتەبەر.

## زیندانیکردن

بەپێی زانیاری چەند سەرچاوەیەک، هیومان رایتس ۆوچ ژمارەی ئەو مێردمنداڵانەی لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی لە ١٠٣٦ [49]عێراق و هەرێمی کوردستانەوە دەستگیرکراون بە ١٥٠٠ مێردمنداڵ خەمڵاند لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨، مێردمنداڵ کە بە تۆمەتی هەرِەشە بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠١٨ زیندانیکراون، نزیکەی ٨٠٪ یان [50]لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵیەوە دەستگیرکراون و ئەوانی تر لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

لە ساڵی ٢٠١٧، هیومان رایتس ۆوچ سەردانی سێ زیندانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدای کرد کە هێزەکانی حکومەتی فیدراڵی مێردمنداڵانیان تێدا زیندانیکردبوو. دووانیان لە شارۆچکەی گەیارە بوون کە بە دووری ٦٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ و سێیەمیان لە بنکەیەکی پۆلیسی حەمام عەلیل بوو کە بەدووری ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ. هیومان رایتس ۆوچ رێگەی پێنەدرا چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانیان بکات، بەڵام بەپێی ووتەی ستافی زیندانەکە، لانی کەم لە ٨٠٪ی زیندانیانی گەیارە مێردمنداڵن و تەمەنیان لە خوار

---

٤٥ یاسای سزادانی عێراقی (ژمارە ٢٣ی ١٩٧١)

٤٦ هیومان ڕایتس ۆوچ، کەم و کورتی دادوەری: بەرپرسیارێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق، کانوونی دووەمی ٢٠١٧،

٤٧ هەمان سەرچاوە

٤٨ "عێراق:دادوەران تۆمەتی ئەشکەنجەدان پشتگوێ دەخەن: شکستهێنان لە لێکۆڵینەوەکردن، سزادانی ئەو هێزە ئەمنیانەی مامەڵەی خراپ دەکەن،" ڕاپۆرتە هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٣١ی تەمووزی ٢٠١٨

٤٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ڕەعد المسلح، سەرۆکی دادگای دژەتیرۆری نەینەوا لە ٤ی شوباتی ٢٠١٩؛ئاڵوگۆڕی ئیمەیڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٥ی شوباتی ٢٠١٩.

٥٠ نەتەوەیکگرتووەکان، ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر منداڵان و شەڕی چەکداری، ١٦ی مایسی ٤٦٥/٢٠١٨ پەرەگرافی ٧٦

هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی کرد کە زیندانی بنکەی پۆلیسی حەمام ١٨[51] ساڵەوەیەو بچووکترینیان تەمەنی ١٣ ساڵە. عەلیلیش مێردمنداڵی تێدا بوو.[52]

هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی کرد کە هەرسێ زیندانەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوون هیچ زیندانیەک نەیدەتوانی ڕاکشێ و بخەوێ. هیومان ڕایتس ۆوچ چووە ناو ژووری زیندانێک کە ڕووبەرەکەی نزیکەی ٤ بە ٦ مەتر بوو لەگەڵ بوونی یەک توالێت بۆ ١١٤ زیندانی و زیندانیەکان بۆماوەی ٦ مانگ بوو لەو شوێنەدا زیندانی بوون. پەنجەرەکان بە خشت هەڵچنرابوون و گەرمای ناو زیندانەکە لە ڕادە بەدەربوو. بەپێی ووتەی ستافەکە، بەهۆی نەبوونی چارەسەری تەندروستی پێویست و پاک و خاوێنییەوە لانی کەم چوار زیندانی گیانیان لەدەست دابوو. ووتیان سەرەڕایی چەندین جار لە بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ بەغدا، حکومەت هیچ چارەسەرێکی تەندروستی بۆ زیندانەکە بۆماوەی چەندین مانگە دابین نەکردووە.[53]

لە زیندانی گەیارە، ستافەکە ووتیان، بەم دواییانە دەستیان کردووە بە جیاکردنەوەی مێردمنداڵە زیندانیەکان لە زیندانیە پیاوەکان. ووتیشیان کە مێردمنداڵەکان ڕێگەی چوونە دەرەوەیان لە ژووری زیندانەکان پێنەدراوەو هیچ هەلێکیان نەبووە بۆ یاریکردن و چالاکی و خوێندن وپەیوەندیکردن بە خێزانەکانیانەوە. تەنها شتێک کە هەبووە بۆ ژمارەیەکی کەم لە مێردمنداڵەکان ئەویش دابەشکردنی خواردن و ئاو بووە بۆ ستافی زیندانەکە و زیندانیە پیاوەکان بەبێ پارە.

لە زیندانی حەمام عەلیل، مێردمنداڵەکان لەگەڵ زیندانیە پیاوەکان لەیەک زینداندا بوون کە ئەوەش پێشیلکاری ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانە. ستافەکە ووتیان، نازانن چەند لە زیندانیەکان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوەیە، بەڵام ووتیان، "ژمارەیەکی بەرچاوە". ووتیان کە مێردمنداڵەکان هیچ بوارێکیان نیە بۆ ئەنجامدانی چالاکی و وەرزش و خوێندن و پەیوەندیکردن بە خێزانەکانیانەوە. هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی کرد کە زیندانیەکان زۆر قەرەباڵغ و پیس بوون و دەستشۆرەکان گیرابوون و هیچ جۆرە دۆشەک و کەلوپەلێکی تیدا نەبوو بۆ زیندانیان، جگەلەوەش شوێنی خۆشتنیان نەبوو.[54]

حکومەتی عێراقی سیستمی تایبەتی دادوەری بە مێردمنداڵان هەیە. بەڵام، هەموو ئەو مێردمنداڵانەی کە بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکراون لەناو زیندانەکانی سەربە سیستمی مێردمنداڵان نین. پارێزەرێک کە دەیان کەیسی مێردمنداڵی تۆمەتبار بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش بەرێوەدەبات بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، ژمارەیەکی زۆر لە مێردمنداڵەکان بۆ ماوەی چەند مانگێک لە زیندانێکی دژە تیرۆر لە بەغدا لەگەڵ پیاوان زیندانیکراون و نەگوێزراونەتەوە بۆ زیندانەکانی تایبەت بە مێرمنداڵان.[55]

---

٥١ "عێراق: بەسەدان بەندکراو لە بارودۆخی نامرۆیانەدا،" ڕاپۆرتە هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٣ی مایزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/03/13/iraq-hundreds-detained-degrading-conditions.

٥٢ هەمان سەرچاوە

٥٣ هەمان سەرچاوە

٥٤ هەمان سەرچاوە

٥٥ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا ناکرێ)، بەغداد، ١٩ی ئەیلولی ٢٠١٧

## IV. مامەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مێردمنداڵانی گومانلێکراو به داعش

### دەستگیرکردن لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستاوە بە دەستگیرکردنی سەدان مێردمنداڵ بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش لە بازگەکان لەکاتی هەڵهاتنیان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش و لە کامپی ئاوارەکان و لەکاتی هاتنیان بۆ ناو "مەلیک" لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ کاتێک تەمەنی ١٧ ساڵ دەبێت لە دەست [56]هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن. ئۆپراسیۆنە سەربازیەکان لە حەویجە هەڵدێ. ئەو ووتی، لە بازگەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەفسەران پرسیار لە خێزانەکان دەکەن کێ لەگەڵ داعش بووە. ئەو ووتی، "یەکێکی ناو گرووپەکە دەستی بۆ من درێژکردو ووتی کە من داعش بووم. ئەوکەسەم نەدەناسی." لەوێدا لەگەڵ دوو مامی دەستگیری دەکەن. ئەو ووتی کە تەنها [57]تێوەگلانی لەگەڵ داعش بەشداریکردنی بووە لە کۆرسێکی فێربوونی قورئان بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ.

"سامی" تەمەن ١٧ ساڵ لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٨ لەکاتێکدا بەرێوە بووە بۆ هەولێر بۆ دۆزینەوەی کار لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لە بازگەیەک دەستگیری دەکرێ. ووتیان ناوم لە لیستی داواکراوندایە لەبەرئەوەی پەیوەندیم بە داعشەوە هەبووە. ئەویش وەک "مەلیک" لە ساڵی ٢٠١٥ بەشداری لە کۆرسێکی ١٥ ڕۆژەی داعشدا کردبوو، [58]بەڵام هیچ مەشقێکی چەک و بەشداریەکی تری لەگەڵ داعش نەبووە.

"تاهیر" لە حوزەیرانی ٢٠١٦ لە گووندەکەی هەڵدێ و بۆماوەی زیاتر لە ساڵێک لە کامپی ئاوارەکاندا بەرلەوەی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا دەستگیر بکرێ. ووتی، "کەسێک لە کەمپەکەدا، هاوڕێیەکی کۆنم کە ناکۆکی کۆنمان هەبووە ڕاپۆرتی لەسەر داوم." ئەو ووتی: "هەندێک لە کەس و کارمان داعش بووە، بەڵام نە من [59]و نە باوکم و نە براکانم داعش نەبووین."

"فەواز"ی ١٦ ساڵ ووتی، باوکی خاوەنی چەند دووکانێک بووەو دەوڵەمەند بوون، بۆیە خەڵکی گووندەکە ڕقیان لێمان بوو. فەواز ووتی ئەو پەیوەندی بە داعشەوە نەکردوە، بەڵام ئامۆزایەکی داعش بوەو لەبەرەکانی پیشەوەی شەڕی کردوە. پاش دەستگیرکردنی بۆی دەردەکەوێ کە خەڵکی گووندەکەی ڕاپۆرتیان لەسەر داوە. "خەڵک دەیانوویست تۆڵە لە خێزانەکەم بکەنەوە،" ئەو ووتی، "دەبێت حکومەت پشت بە سەرچاوەی دروست و

---

٥٦ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ووتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٧٢ مێردمنداڵی بە گومانی هەبونی پەیوەندی بە داعش بەندکردوە لە ٢٠١٦ و ٣٤٥ لە ٢٠١٧. هەروەها تەماشای "هەرێمی کوردستانی عێراق: بەندکردنی نوێی پیاوان و مێردمنداڵانی هەڵهاتووی ناوچەکانی داعش،" ڕاپۆرتە هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٣ی حوزەیرانی ٢٠١٧

https://www.hrw.org/news/2017/06/03/kurdistan-region-iraq-new-detentions-fleeing-men-boys.

٥٧ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "مەلیک،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٥٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سامی،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٥٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "تاهیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨



چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک مێردمنداڵ کە باسیان لە ئەشکەنجەی شێوازی "دووپشکی" هەندێک جار بۆ ماوەی دوو کاتژمێر کرد
2018 ©جۆن هۆلمس بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ

متمانەپێکراو ببەستێ لە دەستگیکردنی گومانلێکراوانی داعشدا. بۆئەوەی تەنها ئەوانەی داعش بوون دەستگیر بکرێن."[60]

## لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە

نۆزدە لەو ٢٩ مێردمنداڵەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا ووتیان، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەفسەرانی ئاسایش بە سۆندەو کێبڵ و دار لێیان داون. هەندێکیان ووتیان لە هەموو جەستەیان دراوە، هەندێک جار بە چەند ئەفسەرێکەوە لەیەک کاتدا. سێ لە مێردمنداڵەکان ووتیان، تەزووی کارەبایان لێدراوە. هەندیکی تریان ووتیان کە بەشێوازی "دوو پشکی" بەستراونەتەوە واتە بەستنەوەی هەردوو دەستیان لە پشتەوە بە جۆرێک دەستێکیان لەسەرەوەو دەستێکیان لە خوارەوە. ژمارەیەک لە مێردمنداڵەکان ووتیان چەندین ڕۆژ لەسەریەک ئەشکەنجە دراون تا ئەوکاتەی ئیعترافیان کردووە.

هەموو مێردمنداڵەکان، جگە لە یەکێکیان نەبێت، ووتیان لە کۆتاپدا ناچاربوون ئیعتراف بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش بکەن، ئەگەر چی پەیوەندیشیان بە داعش نەبوبێ. زۆرێکیان ووتیان کە هیچ ڕێگەچارەیەکی تریان نەبووە جگە لە دانپێنان لەپێناو کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجەدانەکەیان، زۆرێکیان ووتیان کە درۆیان کردووە. "تاهیر"ی تەمەن ١٧ ساڵ ووتی ئەفسەری لێکۆڵەرەوەکە پێی وتووە، "پێویستە بڵێی لەگەڵ داعش بووی. ئەگەرچی لەگەڵیشیان نەبووبی، دەبێ هەربڵێی لەگەڵیان بوی." "لوقمان"ی تەمەن ١٧ ساڵ کە لە مانگی ئابی ٢٠١٨[61]

٦٠ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "فەواز،" کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٦١ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "تاهیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

دەستگیرکراوە ووتی، "دەبێت هەمووی ئیعتراف بکات" تەنانەت ئەگەر بۆ یەک ڕۆژیش بێت لەگەڵ داعش. پێت "فەواز"ی تەمەن ١٦ ساڵ ووتی، "دانپێنانەکەم دەڵێ کە [62]دەڵێن، گرنگ نیە چی و چۆن، دەبێت دانپێنان بکەی." بۆماوەی ١٦ ڕۆژ پەیوەندیم بە داعشەوە کردوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە هەرگیز پەیوەندیم بە داعش نەکردوە. [63]ووتم ١٦ ڕۆژ بۆئەوەی لە ئەشکەنجەدانم بوەستن.

زۆرێک لە مێردمنداڵەکان ووتیان، ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە پێیان ووتون کە دەبێت چ شتیک بڵێن لە دانپێنانەکانیاندا، زۆرجار پێیان وتوون کە ئیعتراف بکەن لەسەر ماوەیەکی دیاریکراو لە پەیوەندیکردن بە داعش. "خەلەف"ی ١٤ ساڵ لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا لە بازگەیەک لەگەڵ باوکی دەبیت کاتێک دەستگیر دەکرێ. ئەو ووتی پاش شەش ڕۆژ لە دەستگیرکردنی ئاسایش لێکۆڵینەوەی لەگەل دەکەن و ئەشکەنجەی دەدەن.

"بەسۆندە لە هەموو جەستەیان دەدام. یەکەم جار ووتیان دەبیت بڵێم لەگەڵ داعش بووم، ووتم باش. پاشان ووتیان دەبیت بڵێم کە بۆماوەی سێ مانگ لەگەڵ داعش کارم کردووە. پێم گووتن کە من داعش نەبووم، بەڵام ووتیان "نەخێر" دەبێت بڵێی." پاش دوو کاتژمێر لە لێکۆلینەوەو ئەشکەنجە، ئەو ووتی کە ڕازیبووە بڵێ لەگەڵیان [64]بووە.

"شەماڵ"ی تەمەن ١٦ ساڵ ووتی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا،

> وابزانم سێ ئەفسەر بوون، بەڵام چاوم بەسترابوو، بۆیە دڵنیانیم. بە دارێکی درێژ لێیان دەدام و بەردەوام دەیان گووت، 'تۆ داعشی'. لە ڕۆژی دووەمدا هەمان شتیان کرد ، لە کۆتایدا ئەو ڕۆژە ئیعترافم کرد. ووتیان بڵێ کە داعش بوی بۆماوەی شەش مانگ، بەڵام ووتم "نەخێر" تەنها [65]ئیعتراف بۆ دوو مانگ دەکەم.

"حوسین" ووتی، لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ کاتێک تەمەنی ١٤ ساڵ بووە ئاسایش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردوەو ئەشکەنجەی داوە. ئەو ووتی،

> بەسۆندە لە هەموو گیانمیان دەدا، پاشان دەستیان بەستم بە شێوازی "دووپشکی" بۆ ماوەی دوو کاتژمێر. پرسیاریان دەربارەی داعش لێدەکردم و دەیان ووت'دەبێت ئیعتراف بکەی کە داعش بوی.' بە زۆر ناچاریان کردم بڵێم بۆماوەی مانگێک لەگەڵ داعش کارم کردووە. هەروەها [66]ووتیان کە دەبێت بڵێم کڵاشینکۆف و ئێم ١٦ و بیکەیسیم بەکارهێناوە.

---

٦٢ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "لوقمان،" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٦٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "فەواز،" کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٦٤ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "خەلەف،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٦٥ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "شەماڵ،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٦٦ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "حوسین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ە

حوسین ووتی هیچ کام لەوانە ڕاست نین، بەڵام ئەفسەرانی لێکۆڵەر پێیان وتووە ئەگەر ئیعتراف نەکات بەردەوام ئەشکەنجەی دەدەن و تەزووی کارەبای لێدەدەن.[67]

"سەمیر"ی تەمەن ١٧ ساڵ ووتی،

> سێ ئەفسەر بوون. دەستمیان لە پشتەوە بەستەوە، دەستێک لە پشتەوەو دەستێک لەسەر شانمەوە. بەدار لێیاندام و پێنج تا ١٠ جار تەزوی کارەبایان لێدام. وایەرەکانیان خستە سەر باڵی چەپم و سکم. لەکاتێکدا تەزوی کارەبایان لێدەدام بەداریش لێیان دەدام. ئەمە حاڵم بوو بۆماوەی سێ ڕۆژ لەسەر یەک. هەر ڕۆژەو بۆماوەی چەند کاتژمێرێک لە ژوورەکەدا بوم ئەفسەرەکان بۆ پشوو دەچوونەدەرەوە پاشان دەهاتنە ژوورەوە. لە ڕۆژی سێیەمدا، ئیعترافم کرد. ووتیان بڵێ، دوو مانگ لەگەڵ داعش بوی. ووتم باش، بەڵام ئەوە درۆ بوو. هەرگیز داعش نەبوم.[68]

"تاهیر" ووتی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ ئەفسەرانی ئاسایش لەکاتی لێکۆڵینەوەدا تەزوی کارەبایان لێداوە. ووتی کە بۆماوەی سێ ڕۆژ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوەو ئەشکەنجە دراوە.

> دەستم بەسترابوو، شەش تا حەوت ئەفسەر لە ژوورەکەدا بوون. هەموویان لێیان دەدام. لە قاچ و شانیان دەدام. هەموو ڕۆژێک پێنج جار لەسەر یەک تەزوی کارەبایان دەدا لە ڕان و قوڵ و سنگم. لە ڕۆژی سێیەمدا، ئیعترافم کرد کە بۆماوەی چوار ڕۆژ لەگەڵ داعش بووم. ووتیان دەبێت زیاتر بڵێی'. ڕەتم کردەوە زیاتر بڵێم.[69]

"مەحمود"ی تەمەن ١٧ ساڵ ووتی، لەیەکەم ڕۆژی لێکۆڵینەوە لەگەڵی، پیاوێک کێبڵێکی بەدەستەوە بو دەیگووت دەبێت ئیعتراف بکەی. "ووتم نەخێر، بە کێبڵەکە دەستی بە لێدانم کرد." ووتی پیاوەکە پاڵی پێوەناوە بۆ سەر مێزەکەو مێزەکە شکاوەو پاشان کێشاویەتی بە زەویەکەداو بەزنجیر قاچی بەستۆتەوەو بەدار لەژێر پێی داوە. بەپێی ووتەی مەحمود، دوو ڕۆژ دواتر، ئەفسەرەکە هەمان شتی دووبارە کردۆتەوە. مەحمود ووتی پێان گوتوە دەبێت ئیعتراف بکات بەوەی دوو ساڵ لەگەڵ داعش بووەو لە گەیارە و موسڵ شەڕی کردوەو ئەفسەرێکی هێزەکانی "فیرقەی زێڕینی" کوشتووە. ئەو ووتی، لە کۆتایدا ناچار بوە ئیعتراف بکات بەڵام لە ڕاستیدا، لە ژیانمدا نەچومەتە گەیارە. بەردەوام زۆریان لێدەکردم بڵێم ئەفسەرێکی ئاسایشم کوشتووە، بەڵام نەمگوت."[70]

هەندێک جار ئیعتراف کردن مانای کۆتایی ئەشکەنجەدان نەبووە. جەبار ووتی، کاتێک ئاسایش بۆ یەکەم جار پرسیاریان لێکردوە دەربارەی داعش بوون، دەستبەجێ دانی ناوە بەوەی کە بۆماوەی سێ مانگ لەگەڵ داعش وەک شۆفێر کاریکردوە. بەڵام، ئەو ووتی، ئەفسەرانی ئاسایش بە شێوازی "دووپشکی" بەستویانەتەوەو بۆماوەی ٤٠ خولەک بە سۆندە لە پشتیان داوە. پاش یەک کاتژمێربەپێوە ڕاوەستان، پرسیاری ناوی فەرماندەکانی داعش و ناوی

---

٦٧ هەمان سەرچاوە

٦٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەمیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٦٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "تاهیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٧٠ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "مەحمود،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

ئەو هاوڕێیانەیان کردوە کە پەیوەندیان بە داعشەوە کردوە. جەبار ووتی، ناوی هیچ فەرماندەیەکم نەدەزانی، بەڵام ناوی هاوڕێکانمم پێدان. ووتی لەپاش لێکۆڵینەوەکان ئەوەندە ئازاری هەبووە نەیتوانیوە بۆماوەی یەک هەفتە [71]لەسەر پشتی ڕاکشێ.

ژمارەیەک لە مێردمنداڵەکان ووتیان کە ئەشکەنجە نەدراون، بەڵام هەڕەشەی ئەشکەنجەدانیان لێکراوە. بۆ نموونە، "عەزیز" ووتی ئەفسەرانی لێکۆڵەر پێیان وتووە، "ئەگەر ڕاستیەکەمان پێ نەڵێی، ئەوا کوڕەکان بانگ دەکەم چەند مێرمنداڵێک ووتیان لە پاش دەستگیرکردنیان، دەستبەجێ دانیان ناوە [72]لێت بەن و ئێسقانەکانت بشکێنن." [73]بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش بۆیە ئەشکەنجە نەدراون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی، "مامەڵەی خراپ لە بەرامبەر دستگیرکراوان لەلایەن ئاسایش و دەزگا ئەمنیەکانی یەگەر ڕوداوێکی لەو جۆرە ڕویدا ئەوا دەستبەجێ لێکۆڵینەوەی [74]ترەوە جێگەی قبوڵ نیەو ڕێگەی پێنادرێ،" بەڵام هیچ زانیاریەکیان دەربارەی لێکۆڵینەوەکان و ئایا تا ئێستا [75]لەبارەوە دەکەن و سزای ئەنجامدەرانی دەدەن. چەند کەس بە تۆمەتی مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەدانی مێردمنداڵەکان سزادراون دابین نەکرد.

## هەبوونی پارێزەر

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پارێزەری بۆ دەستگیرکراوەکان دابینکردووەو سەنتەری چاکسازی ژنان و مندالانی هەولێر لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیەکان کاریکردوە بۆ دابینکردنی پارێزەر بۆ ئەو مێردمندالانەی بە تۆمەتی تەنها پێنج لەو ٢٩ مێردمنداڵەی کە هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن لە هەرێمی [76]تیرۆر زیندانیکراون. کوردستان دەردەکەوت پارێزەریان هەبوو بێت. هەندێکیان ووتیان ئاگادارنەبوون لەوەی پارێزەریان هەبووە یان نا، زۆرێکیان نەیاندەزانی کە مافی هەبوونی پارێزەریان هەیە. هەندێکیان ووتیان، ستافی سەنتەری چاکسازیەکە پێیان وتوون دەتوانن پارێزەریان هەبێت ئەگەر کرێکەی بدەن. یەکێکیان ترساوە لەوەی ئەگەر داوای پارێزەر بکات ڕەنگە سزاکەی درێژ بکەنەوە.

تەنها دوو مێردمنداڵ باسیان لە هەبوونی پارێزەر کرد لەدەرەوەی پرۆسەی دادگایکردنەکانیان. "حوسین"ی تەمەن ١٥ ساڵ ووتی، بەرلە دادگایکردنەکەی لە تەمووزی ٢٠١٨ پارێزەرێک هاتووەتە سەنتەرەکەو پرسیاری لە باکگراوندو هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش لێکردوە. ئەو ووتی، لە دادگایکردنەکەدا پارێزەرەکە داوای لە دادوەر کرد کە کەمی [77]تەمەنم ڕەچاو بکات و تەنها بۆماوەی کەمتر لە شەش مانگ سزایی زیندانیکردنم بدات.

سێ لە مێردمنداڵەکان ووتیان، بۆ یەکەم جار لەکاتی دادگایکردنەکانیاندا کەسێکیان بینیوە کە لەو بڕوایەدا بوون پارێزەریان بووە. ووتیان، بەڵام هیچ جۆرە گفتوگۆیەکیان لەگەڵ پارێزەرەکە نەبووە وئەگەر پارێزەرەکەش قسەی

---

٧١ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "جەبار،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٧٢ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "عەزیز،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٧٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەلام" و "سەلاحەدین" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٧٤ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٨ی شوباتی٢٠١٩

٧٥ هەمان سەرچاوە

٧٦ هەمان سەرچاوە

٧٧ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "حوسین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

لەگەڵ دادوەر کردبێ ئەوە بەزمانی کوردی بوەو ئەوان لێی تێنەگەیشتون. "سەمیر" لە تەموزی ٢٠١٨ دادگایکراوە و ووتی، "وابزانم پارێزەرێکی کچ بۆ من هەبوو، دڵنیا نیم. لەکاتی کەیسەکەمدا بە کوردی لەگەڵ دادوەر قسەی دەکرد. هەرگیز لەگەڵ من قسەی نەکردو چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەکردم چ لە پێش دادگایکردنەکەو چ لەپاش دادگایکردنەکە.[78]

هەندێک لە مێردمنداڵەکانی سەنتەری چاکسازیەکە ووتیان، پاسەوانەکان لیستێک لە ناوی پارێزەریان نیشانداون کە ئامادەبوون بەرگری لە کەیسەکانیان بە پارە بکەن. "سامی" ووتی، لێرە لە زیندان، ستافەکە بە لیستێک ناوی پارێزەرەوە دێن وپێیان دەڵێن کە هەر پارێزەرێک چەندی تێدەچێ. ناتوانی بەبێ پارە پارێزەرت هەبێ." ئەو هێشتا سزا زیندانیەکەی بەسەردا نەسەپێنراوەو ووتی، "دەترسم داوای پارێزەر بکەم کاتێک دەچمە بەردەم دادوەر. ڕەنگە سزاکەم درێژبکەنەوە ئەگەر داوای پارێزەر بکەم."[79]

## دەرکەوتن لە دادگاو دادگایکردنەکان

عادەتەن لەکاتی دەستگیرکردنیان لەلایەن ئاسایش، گومانلێکراوانی تیرۆر دەهێنرێنە بەردەم دادوەری لێکۆڵەرو ئەویش فەرمانی گواستنەوەیان بۆ سەنتەری چاکسازی دەدات تا کاتی دادگایکردنیان لەبەردەم پانێڵێکی سێ دادوەریدا. هیچ کام لەو مێردمنداڵانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا نەیان ووت لەماوەی ٢٤ کاتژمێری دەستگیرکردنیاندا هێنراونەتە بەردەم دادوەر، وەک لە یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە. زۆرێکیان ووتیان پاش چەند ڕۆژێک لە دەستگیرکردنیان دادوەریان بینیوە.

زۆرێک لە مێردمنداڵەکان ووتیان دەرکەوتنیان لەبەردەم دادوەرەکانی لێکۆڵەرو دادوەرەکانی تر لە پێنج تا ١٠ خولەک زیاتری نەخایاندووە. ووتیان عادەتەن دادوەر نوسراوی دانپێنانەکانیان دەخوێنێتەوەو پرسیاریان لێدەکا ئەگەر پەیوەندیان لەگەڵ داعش هەبووە یان نا.  هەرچەندە، دادوەرەکان بە زمانی عەرەبی لەگەڵ مێردمنداڵەکان قسەدەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دادوەرەکان لەنێوان خۆیاندا بە کوردی قسەدەکەن. "سەلام"ی ١٧ ساڵ ووتی، "هەموو نوسراوەکان بە کوردی بوو هیچ کەسێکیش نەبوو وەرگێڕان بکات لە هیچشتێک تێنەگەیشتم.[80]

هەندێک لە مێردمنداڵەکان ووتیان کە بە دادوەریان ڕاگەیاندوە لەژێر ئەشکەنجەداندا دانپێنانیان کردوە. هەموو مێردمنداڵەکان ووتیان کە دادوەرەکان بانگەشەکانیان پشتگوێ خستوون. "شەماڵ" ووتی کاتێک بە دادوەری لێکۆڵەرەکەی ووتوە لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافی کردوە، "دادوەرەکە سەری لەقاندوەو پێی گوتوە ژوورەکە جێبهێڵێ. دادوەرەکە فەرمانی بە پشکنینی تەندروستی و هیچ شتێکی لەو جۆرە نەکرد. دوو مانگ دواتر، شەماڵ لەبەردەم پانێڵێکی سێ دادوەریدا بەبێ هەبونی پارێزەر دادگایی دەکرێ ، بەڵام دووبارە بە دادوەرەکان دەڵێ کە ئەشکەنجەدراوە. بەپێی ووتەی حکومەتی هەرێم، [81]ئەو ووتی، "پشگوێیان خستم و سزای زیندانی شەش مانگی بەسەردا سەپاندم. ئەگەر گومانلێکراو لەکاتی لیلۆڵینەوە یان زیندانیکردندا ڕوبەڕوی ئەشکەنجە بویەوە ئەوا دەتوانێ دادوەری لێکۆڵەری لێ ئاگادار بکاتەوەو ئەویش دەستبەجێ هەستێ بە لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە.[82]

---

٧٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەمیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٧٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سامی،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٨٠  چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەلام،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٨١ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "شەماڵ،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٨٢ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٨ی شوباتی٢٠١٩

ئەو مێردمنداڵانەی لە هەرێمی کوردستان دادگایی کراون ووتیان هیچ شاهێدێک لە دادگا ئامادە نەبوەو هیچ کامیان ئاگادار نەبوون لەوەی هیچ بەڵگەیەک لەدژیان خراپێتە ڕوو جگەلە دانپێنانەکانی خۆیان. "مەلیک" ئەو کورەی ووتی کە بەشداری لە کۆرسێکی ١٥ ڕۆژەی شەریعەی ئیسلامی کردوە، بەڵام نکۆڵی کرد لەوەی پەیوەندی بە داعش کردبێ، ووتی، "ئەگەر کەسێک گازندەیەکی لەسەرت هەبوو، دەبێت ئەوکەسە بهێنرێتە بەردەمت، بۆئەوەی بزانی قسەکانی ڕاستە."[83]

هەرچەندە یاسای دژەتیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە بە سزای زیندانی هەتاهەتایی دەدا بۆ تاوانبارانی تیرۆر، ئەو مێردمنداڵانەی بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا سزادراون سزاکانیان زۆر کەمترە بە بەراورد بە سزاکانی دادگاکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا. زۆرێک لەو منداڵانە کە هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن ووتیان، سزاکانیان لەنێوان ٦ بۆ ٩ مانگدا بووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی سزای زیندایکردنەکان لە مانگێکەوە بۆ پێنج ساڵ بووە.[84]

## زیندانیکردن

بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠١٧ دا حکومەتی هەرێمی کوردستان ٣٤٥ مێردمنداڵی بە تۆمەتی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی زیندانی کردوە کە زۆرێکیان بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندیە لەگەڵ داعش.[85] حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨دا، هەرێمی کوردستان بەپێی ووتەی ئەو منداڵانەی کە چاوپێکەوتنیان لانی کەم[86] لە ١٢١ مێردمنداڵی گومانلێکراوی داعشی بەندکردووە. لەگەڵ کرا، عادەتەن ئاسایش دەستگیرکراوەکان دەباتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش (کە بە ئاسایشی گشتی ناسراوە) یان بنکەکانی تری ئاسایش و لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ بەرلەوەی ببرێنە بەردەم دادوەری لێکۆڵەر. ئەگەر دادوەر تۆمەتەکەی پشت ڕاست کردەوە، ئاسایش زیندانینان دەکات تا کاتی دادگایکردنیان دێت.

لەکاتی سەردانێکی هیومان ڕایتس ۆوچ لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨، ٦٣ مێردمنداڵ لە سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر بەندبوون بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش کە ٤٣یان سزادرابوون، بەڵام ٢٠یان چاوەڕوانی دادگایکردن بوون.[87] تا شوباتی ٢٠١٩، ژمارەکە بۆ ٨٤ مێردمنداڵ زیادیکرد کە لە نێویاندا ٢٠ کچی تێدابوە.[88] لە سەنتەرەکە، ئەو مێردمنداڵانەی بە تۆمەتی تیرۆر بەندکرابوون لە زیندانیەکانی تر جیاکراوبونەوە. نزیکەی ١٢ بۆ ٢٠ مێردمنداڵ لە ژوورێکی گەورەدا بوون و قەرەوێڵەی نوستنی تێدا بوو بۆ منداڵەکان. مێردمنداڵەکان ووتیان بەشێوەیەکی گشتی مامەڵەی باشیان لەگەڵ دەکرێ و خواردنی باشیان دەدرێتێ. بەڵام هیومان ڕایتس ۆوچ نیگەرانی زۆری هەبوو لەسەر چەند شتێک وەک مانەوەیان لەناو ژوورەکەیاندا بۆمایەکی زۆرو نەبوونی خوێندن و پرۆگرامی چاکسازی و مامەڵەی خراپی پاسەوانەکان و نەبوونی چارەسەری تەندروستی پێویست و پەیوەندیکردن بە خێزانەکانیانەوە.

٨٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ "مەلیک،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
٨٤ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٨ی شوباتی٢٠١٩
٨٥ نەتەوەیکگرتووەکان، ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر منداڵان و شەڕی چەکداری، ١٦ی مایس ی ٢٠١٨/٤٦٥ پەرەگرافی ٧٦ http://www.un.org/ga/search/view_doc.asp?symbol=S/2018/465&Lang=E&Area=UNDOC
٨٦ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨
٨٧ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
٨٨ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٨ی شوباتی٢٠١٩

## مانەوە لە ژووری زیندانەکان بۆماوەیەکی دوورودرێژ

ئەو مێردمنداڵانەی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨ لە سەنتەری چاکسازی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا ووتیان هەندێک جار بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر پاسەوانەکان نەیانهێشتووە لە ژوورەکانیان بچنەدەرەوە و هیچ شتێک نەبووە لە ژوورەکەدا خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن جگەلە قسەکردن لەگەڵ یەکتر نەبێت. بەپێی ووتەی ستافی سەنتەرەکەو بەندکراوەکان، مێردمنداڵەکان ڕۆژ نا ڕۆژێک بۆ ماوەی یەک کاتژمێر ڕێگەی چوونەدەرەوەیان بۆ یاری تۆپی پێ پێدەدرێ. "حوسین" ی تەمەن ١٥ساڵ ووتی، ئەگەر پاسەوانەکە باش بێت ڕۆژی دوجار ڕێگەی چوونەدەرەوەمان "عەلی" تەمەن ١٤ ساڵ ووتی، "لە جێگەکەم دەمێنمەوە، قسە لەگەڵ کەس ناکەم و [89]لە ژوورەکانماندا پێدەدات. بیرئەکەمەوە، هەندێک جار دەگریم. لە ژوورەکەدا تەلەفیزیۆنێکی تێدایە بەڵام ئیش ناکات. کتێب و یاری تێدانیە. تەنها تەماشای دیوارەکە دەکەم و بیری خێزانەکەم دەکەم."

## نەبوونی خوێندن و چالاکی و پرۆگرامی چاکسازی پێویست

ئەو مێردمنداڵانەی بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە داعشەوە بەندکراون لە سەنتەرەکە خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بۆ دابین نەکراوە. خوێندن بەزمانی کوردی هەیە، بەڵام زۆرێک لەو مێردمنداڵانەی بە تۆمەتی داعش بوون بەندکراون زمانی کوردی نازانن. بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، وەزارەتی پەروەردەی نوێنەرێکی حکومەتی [90]حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی بە خوێندنی زمانی عەرەبی بۆ مێردمنداڵەکان نەداوە. هەرێمی کوردستان هیومان ڕایتس ۆوچی ئاگادارکردەوە لەوەی کە یونیسێف لە هەوڵی دەستپێشخەریەکدایە بەهاوکاری وەزارەتەکانی پەروەردەو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ دابینکردنی [91]خوێندن بەزمانی عەرەبی بۆ مێردمنداڵە بەندکراوەکان.

"سەعدون"ی تەمەن ١٧ ساڵ کە بۆماوەی شەش هەفتە بوو بەندکرابو ووتی، "دەمەوێ بچمە قوتابخانەو بیرم [92]فراوان بکەم، بەڵام ڕێگەمان پێنادەن." ووتی ستافی سەنتەرەکە یەک جار ڕێگەیان پێداوە بچێتە کتێبخانەکە.

"ئەیمەن"ی تەمەن ١٦ ساڵ بۆماوەی دوو مانگ و نیو بوو لەسەنتەرەکەدا بەندبوو. ئەو ووتی، لەو کاتەدا بەشداری دووکوڕی تر ووتیان [93]لەیەک ۆرک شۆپی دەروونی کردوە، بەڵام هیچ شتێکی تری نەکردووە جگەلە یاری تۆپی پێ. یەکێکی تریان ووتی هەموو هەفتەیەک ڕێگەی پێدراوە سەردانی [94]کە بەشداریان لە وانەی وێنەکێشاندا کردووە. [95]کتێبخانەکە بکات و کتێب وەرگرێ.

---

٨٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "حوسین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩٠ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ ، هەولێر، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩١ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨

٩٢ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەعدون،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "ئەیمەن،" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩٤ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "خالید،" کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ و "حوسین" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩٥ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "حوسین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

ژمارەیەک لە مێردمنداڵەکان ووتیان، جگەلە یاری تۆپی پێ، تەنها شتێکی تر کە دەیکەن یاری پلەیستایشن لە ژوورەکەیاندا. ووتیان هەندێکیان کە پارەیان لە خێزانەکانیانەوە بۆ هاتووە، هەریەک ١٠ هەزاریان داوە بە [96]پاسەوانێک و یاریەکەی بۆ کڕیوون.

ستافی سەنتەرەکە بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، ئەو بەندکراوانەی دادگایکراون وسزادراون ڕیگەیان پێدەدرێ بەشداری وانەی مۆسیقاو ۆرک شۆپی فێربونی چاکردنەوەی فێنکەرەوەکان و تەلەفۆنی مۆبایل و پیشەی سەرتاشین بکەن. بەڵام هیچ کام لەو مێردمنداڵانەی کە هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن نەیان ووت [97]بەشداری چالاکیەکی لەم جۆرەیان کردبێت. کاتێک پرسیارمان کرد بۆچی تەنها ئەوانەی حوکم دراون دەتوانن بەشداری ئەم چالاکیانە بکەن، ستافەکە ووتیان ستاندەردی جیهانی ڕێگەنادات بە بەندکراو بەرلە دادگایکردن بەشداری لە چالاکیدا بکات. [98]بەڵام بەپێچەوانەوە ستاندەردی نێودەوڵەتی بۆ دادوەری مێردمنداڵان دەڵێ [99]مێردمنداڵانەی لە ئازادی بێبەش کراون نابێت لە پرۆگرامی پیشەو چالاکی بێبەش بکرێن.

## کەمی چاودێری تەندروستی و دەروونی پێویست

بەپێی ووتەی ڕێکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، چارەسەری تەندروستی بۆ هەموو بەندکراوان هەیە، ئەگەر پێویستیان بە چارەسەری زیاتر بێت ئەوا ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن. [100]بەڵام، ژمارەیەک لە مێردمنداڵەکان باسیان لە کەمی چاودێری تەندروستی پێویست کردو ووتیان لە چاودێری تەندروستی و داودەرمان بێبەش کراون. یەکێکیان ووتی، خێزانەکەی سێ جار هاتونەتە سەنتەرەکە و داودەرمانیان بۆ نەخۆشیەکی [101]هێناوە، بەڵام پاسەوانەکان ڕێگەیان پێنەداون بێنە ژورەوەو دەرمانەکانیان لێوەرنەگرتوون. یەکێک لە مێردمنداڵەکان ووتی، هەوڵی خۆکوشتنی داوەو شوێنەوارەکان بەسەر جەستەیەوە دیاربو یەکێکی تر باسی کێشەی دەروونی کرد، بەڵام هیچ کام لەم دوو منداڵە چارەسەری دەروونی پێویستیان بۆ نەکرابوو.

هەندێک لە کورەکان ووتیان، لە سەنتەرەکەدا چاویان بە پزیشک کەوتووە، بەڵام چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە. "تاهیر"ی تەمەن ١٧ ساڵ ووتی، " هەرکاتێک دەچین بۆلای پزیشکەکەی ئێرە پێمان دەڵی درۆدەکەن و [102]نەخۆش نین، بۆیە یارمەتیمان نادات." ستافێکی سەنتەرەکەش بەهەمان شێوە باوەڕی پێیان نەبوو ووتی، ڕاست [103]ناکەن و پزیشکەکە دەیانبینێ و دەزانێ درۆدەکەن."

"نەوار" ووتی لە تەمەنی شەش ساڵیەوە کێشەی دەروونی هەیە. ووتیشی داوای یارمەتی لە ستافەکە کردوەو [104]بەڵێنیان پێداوە بیبەنە نەخۆشخانە، بەڵام هیچیان نەکردوەو دەڵێن پزیشک نیە.

---

٩٦ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "جەبار،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩٧ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ، هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

٩٨ هەمان سەرچاوە

٩٩ یاساو ستاندەردەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی دادوەری مێردمنداڵان (یاساکانی پەکین)، لە ٢٩ی تشترینی دووەمی ١٩٨٥ پەسەندکراوە، بڕگەکانی ١٣، ٥،٢٤،١،٢٦،١

١٠٠ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨

١٠١ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "زەید،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٠٢ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "تاهیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٠٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ستافی سەنتەری چاکسازی هەولێر لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٠٤ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "نەوار،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

یەکێک لە کوڕەکان دیاربو کە "انتحاری" بوو. "سەعدون"ی ١٧ ساڵ بۆماوەی شەش هەفتە بوو بەندکرابوو لەوماوەیەدا یەک جارو بۆماوەی پێنج خولەک لەلایەن باپیریەوە کە گەورەی کردوە سەردانکرابوو. ئەو ووتی لە دوای سەردانەکەی باپیری جەستەی خۆی بڕیوە. ووتیشی، "خەوی زۆر ناخۆش دەبینم و بیری باپیرم دەکەم و لەخەودا پیم دەڵێ خۆت ببڕە. چەندین شوێنی جەستەمم بڕیوە." ووتی نەچووەتە لای پزیشک لەبەرەوەی دەترسێ سزای بدەن.

ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی پێنەدراوەو دڵنیانیە لەوەی کەی جاریکی تر باپیری دەبینێتەوە. "خۆم دەکوژم ئەگەر لە چەند مانگی داهاتوودا نەیە بۆ سەردانم و نەیبینم." پاشان، ووتی، "ئەگەر سێ مانگی تر لەم شوێنە بمێنمەوە خۆم دەکوژم."[105]

## سەردان و پەیوەندی خێزانی

هەموو کوڕەکان ووتیان لەکاتێکدا لەلای ئاسایش بەندبوون ڕێگەیان پێنەدراوە پەیوەندی بە خێزانەکانیانەوە بکەن. کاتێک گوێزراونەتەوە بۆ سەنتەری چاکسازی، بەرلە دادگایکردنیان ڕێگەی سەردانی خێزانیان پێدراوە، بەڵام زۆرێکیان ووتیان کە ڕێگەیان پێنەدراوە پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام بدەن تا دوای دادگایکردنیان. بۆ هەندێک لە بەندکراوەکان ئەمە مانای ئەوە بوە کە خێزانەکانیان هیچ زانیاریەکیان نەبوە لەسەر چارەنوس و سۆراخیان. یەکێک لە کوڕەکان بۆماوەی دوو ساڵ بوو بەندبوو بەبێ بوونی هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ خێزانەکەیدا.

بەپێی ووتەی ستافێکی سەنتەرەکە، ئاسایش بڕیار دەدات چ زیندانیەک ڕێگەی سەردان یان تەلەفۆنکردنی پێبدرێ.[106] نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی لە نامەیەکدا بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووتی، خێزانەکانیان دەستبەجێ ئاگادار دەکرێنەوە لە چارەنووسی دەستگیرکراوەکەو هۆکاری دەستگیرکردنەکەی. لە نامەکەدا هاتبوو کە بەندکراوان ڕێگەی سەردانکردنیان لەلایەن کەس و کاریانەوە پێدەدرێ و ئەگەر پێویست بوو ڕێگەی تەلەفۆنکردنیان بەئامادەبوونی ئەفسەرێکی ئاسایش پێدەدرێ.[107] هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگادار نیە لە تەنها یەک حاڵەتیش لەدوای ساڵی ٢٠١٦وە کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خێزانی گومانلێکراوێکی داعشیان لەدەستگیرکردنی کەسێکی خێزانەکانیان ئاگادار کردبێتەوە.

"سەلاحەدینی" تەمەن ١٧ ساڵ لە تشرینی دووەمی ٢٠١٧ دەگاتە سەنتەرەکە. ئەو ووتی داوای لە ستافەکە کردووە تەلەفۆن بۆ خیزانەکەی بکات، بەڵام پێیان وتووە تەنها لەدوای دادگایکردن و حوکمدانی ڕێگەی تەلەفۆنکردنی پێدەدرێ.[108] پاش ٩ مانگ لە دەستگیرکردنی و لە مانگی ئابی ٢٠١٨دا ڕێگەی تەلەفۆنکردنی پێدراوە. "مەحمود" بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت بۆماوەی دوو ساڵە بەندە بەبێ بوونی هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ خیزانەکەی. "ڕیگەمان پێنادرێ تەلەفۆن بۆ خێزانەکانمان بکەین. ئەگەر بتوانم پەیوەندیان پێوە بکەم داوای پارەیان لێدەکەم بۆ بەکرێگرتنی پارێزەرێک. نازانن کە من لێرەم."[109] "عەزیز"ی ١٧ ساڵ ووتی، "مانگ و نیوێکە لێرەم. تا ئێستا،

١٠٥ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەعدون،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٠٦ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ستافی سەنتەری چاکسازی هەولێر لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٠٧ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨

١٠٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەلاحەدین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٠٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "مەحمود،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

ڕێگەیان پێنەداوم خێزانەکەم ببینم. کاتێک پرسیار دەکەم، پاسەوانەکە دەڵێ، "تۆ کەیسی تیرۆری، ناتوانی خێزانەکەت ببینی."[110]

کوڕەکان ووتیان، لەدوای ئەوەی ڕێگەی تەلەفۆن کردنیان بۆ خێزانەکانیان پێدراوە، ئێستا هەفتەی دووجار دەتوانن بەڵام[111] بە پارە تەلەفۆن بۆ خێزانەکانیان بکەن. زۆرێکیان ووتیان خێزانەکانیان پارەیان داونەتێ بۆ تەلەفۆنکردن، هەموویان پارەی تەلەفۆنکردنیان نەبوو. "سەلاحەدین" کە بۆماوەی ساڵێکە بەندکراوە ووتی، ناتوانێ چیتر پەیوەندی بە خێزانەکەیەوە بکات و دەڵێ"هیچ پارەم نیە."[112]

"نازم"ی ١٧ ساڵ لەلایەن خێزانەکەیەوە چەند جارێک سەردان کراوە، بەڵام لێکترازانی خێزانی بۆ ئەو زۆر قورسە. "ئەگەر بمتوانیایە تەنها بۆماوەی یەک ڕۆژ خێزانەکەم ببینم، سەد ساڵم لە ژیانی خۆم ئەدا. زۆر بیری خێزانەکەم دەکەم. هەموو ڕۆژێک و هەموو ساتێک بیریان دەکەم."[113]

## لێدان و جنێو هەڕەشەی کوشتن لەلایەن پاسەوانەکانەوە

زۆرێک لە کوڕەکان ووتیان، بەرپرسانی سەنتەرەکە بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. بەڵام ١٤ لە کوڕەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا ووتیان، پاسەوانەکانی سەنتەرەکە لێیانداون لەبەرئەوەی پێیان دەڵێن هەڵسوکەوتیان خراپ بووە، یان ووتیان ئاگادارن لەوەی کە پاسەوانەکان لە مێردمنداڵی تریان داوە. هەندێک لە مێردمنداڵەکان ناوی سێ تا چوار پاسەوانیان هێنا کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکەن و جنێویان پێدەدەن. ئەو کوڕانەی کە لێیاندراوە ووتیان پاسەوانەکان بردویاننەتە دەرەوەو دوور لە چاوی کامێرای چاودێریەکان بە سۆندەو پێڵاو بۆکز لێیانداون.

"مەحمود"ی ١٧ ساڵ ووتی پاسەوانەکانی سەنتەرەکە چەندین جار لێیانداوە. لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، لەکاتی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی بەشەڕ دێ. ئەو ووتی، چەند پاسەوانێک دەیبەنە دەرەوەو بە زلەو سۆندەو مەچەک لێی دەدەن. مەحمود ووتی بۆ ڕۆژی دواتر پاسەوانێک دەیباتە دەرەوەی ژوورەکەو دەستی بەسەر سەریەوە دەبەستێتەوەو دووبارە بە شەق و زلە لێی دەدات. ووتی پاشان پاسەوانەکە پێڵاوەکەی داکەندو چەندجارێک کێشای بە دەموچاویدا.[114]

"محەمەد"ی ١٧ ساڵ ووتی، " هەندێک لە ستافەکەی ئێرە بە پێڵاو دارو سۆندە لە کوڕەکان دەدەن. لەناو ژوورەکاندا کامێرای چاودێری تێدایە ئەگەر شتێک بڵێی پێیان خۆش نەبێ یان لەکاتی خۆیدا نەخەوی دێن و لێت دەدەن."[115] "شەماڵ" ووتی یەک ڕۆژ بەرلەوەی لەگەڵ هیومان ڕایتس ۆوچ قسە بکات، پاسەوانەکان بەدار لەژێر پێیان داوە. "پێیان گوتوە لەبەرەئەوەی ووتیان بێڕێزی کردوە لەکاتێکدا جلوبەرگیان بۆ هێناوە."[116]

---

١١٠ چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ "عەزیز،" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
١١١ چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ "خەلەف،" و "جەبار" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
١١٢ چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ "سەلاحەدین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
١١٣ چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ "نازم،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
١١٤ چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ "مەحمود،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
١١٥ چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ "محەمەد،" هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨
١١٦ چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ "شەماڵ،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

"سامی" ناوی پاسەوانێکی برد کە لە بەندکراوەکان دەدات. ووتی هەشت ڕۆژ بەرلە قسەکردن لەگەڵ هیومان ڕایتس ۆوچ، پاسەوانەکە لێیداوە چونکە گوێڕایەڵی پاسەوانەکە نەبووە. بەدەستی لە قاچ و دەموچاومان دەدات، هەندێک جار بەدار لەقاچم دەدا. دێتە ژوورەکەو دەمانباتە دەرەوەو لێمان دەدات."[117]

هەندێک لە کوڕەکان ووتیان پاسەوانەکان هاواردەکەن بەسەریانداو قسەی ناشیرینیان پێ دەڵێن. "نەوار" ووتی "سەعدون" ووتی، پاسەوانێک [118]"پاسەوانێک پێی گووتم، "ئەگەر بەدەست من بوایە هەماووتانم دەکوشت." ووتی ئەو پاسەوانە دەستی کوڕەکان [119]کوڕەکان بە "گەواد" بانگ دەکات و دەڵێ"دەتانخنکێنم هەتا مردن." دەبەستێتەوەو لە هۆڵەکەدا بۆ ماوەی سێ کاتژمێر جێیان دەهێڵێ.

ستافێکی باڵای سەنتەرەکە ووتی، پاسەوانەکان مۆڵەتی ئەوەیان نیە ئازاری جەستەیی بەندکراوەکان بدەن و ئاگادار نەبووە لە هیچ هەڵسو کەوتێکی لەوجۆرە لە دوو ساڵی ڕابردوودا. ووتیشی سزادانی هەڵسوکەوتی نابەجێ لەلایەن ڕێکخەری [120]بەندکراوەکانەوە بریتیە لە بێبەشکردنیان لە پەیوەندی تەلەفۆنی و سەردانی خێزانی ویاری تۆپی پێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی نامەکەیدا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ ووتی، هەموو شێوازێکی ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپ لەدژی زیندانیان قەدەغەیەو پراکتیزەکردنی مامەڵەی خراپ لە زیندانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەگمەنە. ووتیشی، لەحاڵەتی بەرزکردنەوەی تۆمەت و گازندەی لەم جۆرە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ هەڵدەسێ بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەیەوەو سزای بەرپرسیارانی دەدات.[121] بەڵام وەڵامی داواکاری هیومان ڕایتس ۆوچی نەدایەوە سەبارەت بە ژمارەی ئەو تۆمەتانەی لەم بارەیەوە پێیانگەیشتوەو چەندیان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوەو ئایا هیچ ئەفسەرێک بە تۆمەتی ئەنجامدانی مامەڵەی خراپ سزادراوە.[122]

## بەندکرن لەپاش تەواوبوونی ماوەی یاسایی زیندانیکردن

بەپێی ووتەی ستافی سەنتەرەکەو ئەو مێردمنداڵانەی چاوپێکەتنیان لەگەڵ کرا، ئەوانەی بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون ڕەنگە ئازاد نەکرێن سەرەڕایی تەواوکردنی ماوەی یاسایی سزاکەیان. بۆ نموونە، "سەلام" کاتێک قسەی لەگەڵ هیومان ڕایتس ۆوچ کرد بۆماوەی دوو ساڵ بوو زیندانی کرابوو سەرەڕایی سزادانی بە شەش مانگ زیندانی. ئاسایش بۆماوەی ساڵێک و حەوت مانگ بەندی دەکەن بەرلە گواستنەوەی بۆ سەنتەری چاکسازی لە مایسی ٢٠١٨. لە مانگی ئابی ٢٠١٨، سزای شەس مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێ. ئەو ووتی، "نازانم بۆ ڕێگەم نادەن بڕۆم،" ووتی. "زۆر لەو ماوەیە زیاتر لە زینداندا بوم."[123]

ستافی سەنتەرەکە ووتیان، لەدوای سزادانی فەرمیان ماوەی بەندکردنیان لە سەنتەرەکەدا بۆ هەژمار دەکرێ نەک ئەو ماوەیەی کە لەلای ئاسایش بەندبوون، سەرەڕایی ئەوەی ژمارەیەک لە مێردمنداڵەکان بۆماوەی چەندین مانگ

---

١١٧چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سامی،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١١٨ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "نەوار،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١١٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەعدون،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٢٠ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ستافی باڵای سەنتەری چاکسازی هەولێر لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٢١ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨

١٢٢ نامەی هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، ، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨
https://www.hrw.org/sites/default/files/supporting_resources/hrw_letter_to_krg_dec08.pdf

١٢٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەلام،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

لەلای ئاسایش بەندبوون بەرلە گواستنەوەیان بۆ سەنتەری چاکسازی. ستافەکە ووتیشیان ناتوانن بەبێ مۆڵەتی ئاسایش هیچ بەندکراوێک ئازاد بکەن. لەکاتی سەردانەکەی هیومان ڕایتس ۆوچدا، ١٢ لە کوڕەکان کە ماوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند دەبێت [124] یاسایی سزاکەیان تەواوکردبوو هێشتا لە سەنتەرەکەدا بەندبوون. [125] دادگای پێداچونەوە ڕەزامەندی لەسەر ئازادکردنەکان نیشانبدات.

دوو لە کوڕەکان بۆماوەی ١٤ مانگ بوو بەندبوون، سەرەڕایی ئەوەی هەریەکەیان سزای ٩ مانگ زیندانیان بەسەردا سەپێنرابوو. سەلاحەدین لە ئەیلولی ٢٠١٧ دەستگیرکرابوو بۆماوەی دوو مانگ لە ئاسایش بەندبوە بەرلەوەی ڕەوانەی سەنتەری چاکسازی بکرێت. لە مانگی ئابی ٢٠١٨ دادگایکراوەو سزای ٩ مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە. کاتێک قسەی لەگەڵ هیومان ڕایتس ۆوچ کرد لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨، هیچ زانیاریەکی نەبوو لەسەر [126] ئەوەی کە کەی ئازاد دەکرێت.

١٢٤ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ستافی سەنتەری چاکسازی هەولێر لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٢٥ ئاڵوگۆڕی ئیمەیڵی نێوان هیومان ڕایتس ۆوچ و دکتۆر دیندار زێباری، ڕێکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٩

١٢٦ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "سەلاحەدین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

## ٧. مێردمنداڵانی بیانی تۆمەتبارکراو بەهەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش

بەرپرسانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٤٠٠ ژن و مێردمنداڵی بیانیان دەستگیرکردوە لە دوای خۆیان بەدەستەوەدانیان لە مانگی ئابی ٢٠١٧ لەگەڵ چەکدارانی داعش. بەپێی ئاماری هێزە ئەمنیەکانی عێراق، دەسڵاتدارنی عێراقی ژمارەیەکی زۆریان لەم [127]ژمارەی مێردمنداڵە بیانیە دەستگیرکراوەکان زیاتر لە ٨٠٠ مێردمنداڵە. ژن و منداڵانە کە تا تەمەنی ٩ ساڵیان تێدایە بە تۆمەتی هاتنە ناوووڵات بە نایاسایی و ئەندام بوون یان هاوکاریکردنی داعش بەپێی یاسایی دژەتیرۆری عێراق دەستگیرکردوە.

بەپێی ووتەی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، لانی کەم لە ١٨٥ مێردمنداڵ بەتۆمەتی تیرۆر لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٨ دا بۆ نموونە ١٦ ساڵێکی هەڵگری رەگەزنامەی ئەڵمانی سزای شەش ساڵ [128]سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپێنراوە. زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە—پێنج ساڵ بۆ ئەندام بوون لە داعش و ساڵێکیش بۆ هاتنە ناو عێراق بە هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی دادگایکردنی دوو مێردمنداڵی ئازربایجانی کرد کە تەمەنیان ١٣ و ١٤ ساڵ [129]نایاسایی. بوو، هەریەکەیان سزای شەش مانگ زیندانیان بەسەردا سەپێنرا بە تاوانی هاتنە ناو عێراق بەنایاسایی، سەرەڕایی ئەوەی کە گووتیان هیچ چارەیەکیان نەبوەو باوک ودایکیان هێناویاننەتە ناو عێراق کاتێک تەمەنیان ١٠ و ١١ ساڵ [130]بوە.
لەکاتی سەردانەکەی هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ سەنتەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، بەرێوەبەرەکە ووتی، نزیکەی ٤٠ مێردمنداڵی ووڵاتانی بیانی لەگەڵ دایکیاندا لەسەنتەرەکەدا بەندن کە خەڵکی ئێران و تورکیاو هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە لانی کەم لە ١٤ ژنی خەڵکی [131]ئەندەنوسیان. هیومان ڕایتس ۆوچ ڕێگەی پێنەدرا چاوپێکەوتن لەگەڵ [132]تورکیاو ئێران لە ساڵی ٢٠١٨ لە سەنتەرەکەدا بەندبوون. ئەم ژن و مێردمنداڵانە بکات.

---

١٢٧ عێراق/ حکومەتی هەرێمی کوردستان: ١٤٠٠ ژن و مێردمنداڵای ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش دەستگیرکراون،" ڕاپۆرتە هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٠ی ئەیلولی ٢٠١٧

https://www.hrw.org/news/2017/09/20/iraq/krg-1400-women-children-isis-areas-detained.

١٢٨ "ئەنجومەنی دادوەری ژمارەی بیانیەکانی تۆمەتبار بە تیرۆر لەم ساڵدا ئاشکرا دەکات،" دەزگای هەواڵی عێراقی لە ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨

١٢٩ عێراق: گۆڕانکاری لە شێوازی دادگایکردنی ژنان و منداڵانی بیانی پەیوەندیدار بە داعش،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨

١٣٠ هەمان سەرچاوە

١٣١ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ستافی سەنتەری چاکسازی هەولێر لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٣٢ نامەی دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی، بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨

## VI. دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی زیندانیکردن و سزادان

سیاسەتەکانی سزادان و زیندانیکردنی ئەوانەی بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش لەلایەن حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەستگیرکراون کاریگەری نەخوازراوی زۆری لەسەر مێردمنداڵان هەبووە وەک جیابوونەوە لە خێزان و عەیبە ی کۆمەڵایەتی و ئاوارە بوون ودروست بوونی بەربەست لەبەردەم ئاشتبونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگا. نزیکەی هەموو ئەو مێردمنداڵانەی کە هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن ووتیان لەپاش تەواوکردنی ماوەی یاسایی سزاکانیان هەڵبژاردەی زۆر کەمیان لەبەردەستە. هەندێکیان ووتیان گرنگ نیە ئاستی بەشداریکردنیان لەگەڵ داعش چەندبووە، دەستگیرکردنەکەیان بە تۆمەتی داعشبوون ڕاستەوخۆ دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاویانەوەو مەترسی بۆسەر ژیانیان لەپاش گەڕانەوەیان بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگەکەیان. زیاد لەوەش، ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان زیندانی کراون دەترسن دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا دووبارە دەستگیربکرێنەوە بەهۆی نەبوونی هاریکاری و پەیوەندی لە نێوان هەردوو سیستمی دادوەری عێراق و هەرێمدا. ئەو مێردمنداڵانەی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ئازاد دەکرێن ئۆتۆماتیکیەن دۆکیومینتی ئازادکردنیان لە دادگا بۆ دابین ناکرێت، دەبێت داوای بۆ پیشکەش بکەن.[133]

لەپاش ئازاد بونی لە حوزەیرانی ٢٠١٨ لە سەنتەری چاکسازی "بەدر" لە کامپێکی ئاوارەکان نیشتەجێ دەبێت. لەبەرئەوەی هەست دەکات هیچ شوێنێکی تر نیە بۆی بڕوات. ئەگەر هەوڵبدا بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی لە گوندەکەیدا ڕەنگە لەلایەن حەشدی شەعبی یان ئەندامانی کۆمەڵگەکەی بکوژرێ. ئەو ووتی، نە خۆیی و نە هیچ کەسێکی خێزانەکەی پەویوەندیان بە داعشەوە کردوە، بەڵام زیندانیکردنەکەی وادەکات خەڵکی باوەڕبکەن کە داعش بووە. گووندنشینەکان دەڵێن، "داعش بووی بۆیە دەستگیرکراوی."[134]

"فەواز"یش لە پاش ئازادکردنی لە سەنتەری چاکسازی لە کامپێکی ئاوارەکاندا دەژیا و دەترسا بگەڕێتەوە ماڵەوە. ووتی ئامۆزاکەی لەگەڵ داعش لەبەرەکانی پێشەوە شەڕیکردوە وکوژراوە. "ئەو خێڵانەی تری ناوچەکە کە لەسەر دەستی داعش زەرەرمەندبوون خێزانەکەم وەک داعش تەماشا دەکەن...ڕەنگە حەشدی شەعبی بێن و سەرم لەلاشەم بکەنەوە. ڕەنگە تەنها سێ ڕۆژ بمێنمەوە. "هەرکە زانیان لە گوندەکەدام، دێن و دەمبەن."[135]

"حوسینی" تەمەن ١٥ ساڵ ووتی هەرکە ئازاد کرا هیچ بژاردەیەکی تری لەبەردەم نیە جگەلە چوونە ناو کامپی ئاوارەکان. ووتی کەس وکاری داعش بوون لەبەرئەوە ناتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە. هەروەها ووتی ڕەنگە دووبارە دەستگیر بکرێتەوە. "ڕەنگە حەشدی شەعبی بمبەن و ١٥ ساڵ زیندانیم بکەن." ئەو ووتی لە بەندکراوەکانی تری بیستووە کە یەکێک لە کوڕەکان لە سەنتەرەکە ئازادکراوەو گەڕاوەتەوە بۆ حەویجە بەڵام لە پاش ٣ تا ٤ ڕۆژ لەلایەن حەشدی شەعبیەوە دەستگیرکراوە.[136]

هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوڕێک کرد "کەریم" کە پێشتر باسکراو دوجار دەستگیرکراوەو زیندانیکراوە—جارێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە و جارێکی تر لەلایەن دەسەڵاتداری عێراقیەوە.

---

١٣٣ ئاڵوگۆڕی ئیمەیڵی نێان هیومان ڕایتس ۆوچ و دکتۆر دیندار زێباری، ڕیکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی نێودەوڵەتی لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٩

١٣٤ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ "بەدر" لە کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ١٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٣٥ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ "فەواز" لە کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ١٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٣٦ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "حوسین،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

کەریم بۆیەکەم جار لە مارسی ٢٠١٦ لەکاتی هەڵهاتنی لەناوچەکەی لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بازگەیەک دەستگیردەکرێ. بۆماوەی زیاتر لە ساڵێک لە هەرێمی کوردستان زیندانی دەکرێت و پاشان لە نیسانی ٢٠١٧ بەهۆی نەبوونی بەڵگە لەدژی ئازاد دەکرێ. کەریم ووتی پاش ئازادکردنی لەسەنتەری چاکسازی دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی لەناوچەیەکی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەغداو داواکاری بۆ وەرگرتنی ناسنامەی نوێ پێشکەش دەکات. کاتێک دەچێتە وەزارەتی ناوخۆ بۆ داواکردنی ئەستۆپاکی ئەمنی بۆ وەرگرتنی ناسنامەکەی، هێزە ئەمنیەکان پێی ڕادەگەیەنن کە ناوی لەناو لیستی داواکراواندایە. دەستگیری دەکەن و دەیبەنە زیندانێکی نزیک.[137]

کەریم ووتی بۆماوەی ٤٥ ڕۆژ لەو زیندانەدا بوو لەکاتی زیندانیکردنیدا ئەفسەرانی لێکۆڵەر بۆماوەی سێ ڕۆژ ئەشکەنجەی دەدەن و پێی دەڵێن دەبێت ئیعتراف بکات کە پەیوەندی بە داعش کردوە. بە ئەفسەرەکان دەڵێ کە لە هەولێر سزاکەی تەواوکردوەو نووسراوی ئازادکردنەکەی لایە، بەڵام ئەفسەرانی لێکۆڵەر پێی دەڵێن دان بەو نووسراوانەی حکومەتی هەرێمدا نانێن. ووتی لە کۆتایدا داندەنێ بە پەیوەندیکردن بە داعش بۆماوەی سێ ڕۆژ.پاش ئەوەی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ دەچێتە بەردەم دادوەرو پێی ڕادەگەیەنی کەلەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافی کردوەو پێشتر لە هەرێمی کوردستان زیندانیکراوە. لەپاش دوو هەفتە دادوەرەکە فەرمانی ئازادکردنی دەردەکاو دەگەڕێتەوە ماڵەوە.[138]

دایکی ووتی،

> پێشتر زۆر حەزی لە قوتابخانە بوو، بەڵام ئێستا هەرلەماڵەوە دادەنیشێ نارِواتە قوتابخانە. دەترسێ ئەگەر گوندەکە جێبهێڵێ، هێزە ئەمنیەکان دووبارە لە بازگەیەک بیدۆزنەوەو دەستگیری بکەن لەبەرەوەی ڕەنگە هێشتا ناوەکەی لە لیستی داواکراواندا نەسڕابێتەوە. هەمیشە لەماڵەوە دانیشتوەو دەترسێ دەستگیربکرێت.[139]

زۆرێک لە مێردمنداڵەکان لەوبڕوایەدا بوون لەپاش ئازادکردنیان تەنها ڕێگەچارەی بەردەمیان یان نیشتەجێبوونە لەناو کامپەکاندا یان جێهێشتنی عێراقە. "تاهیر" کە نکۆڵی کرد لە تێوەگلانی لەگەڵ داعش، بەڵام ووتی کەس و کارو ئەندامانی تری خێزانەکەی داعش بوون، ووتی ناتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە بۆیە دەبێت بچێتە کامپی ئاوارەکان. "نازم ووتی،" [140]"لەوبڕوایەدا نیم هەرگیز بتوانین کامپەکەش جێبهێڵین لەبەرئەوەی بارودۆخەکەمان زۆر قورسە." لەپاش ئازاد کردنمان هەرگیز ناتوانین بە ئازادی و سەلامەتی لەسەر شەقامەکان بسورێینەوە."[141]

هەندێک لە کوڕەکان بۆماوەیەکی دوورودرێژە لە خێزانەکانیان دابڕاون، تەنانەت لەپاش ئازادکردنیشیان. "بەدر" بۆماوەی دوو ساڵە زیندانیەو لە حوزەیرانی ٢٠١٦وە خێزانەکەی نەبینیوە کاتێک تەمەنی ١٥ ساڵ بووە. ئەو ئێستا لە

---

١٣٧ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "کەریم،" شارۆچکەیەکی باشوری موسڵ لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٣٨ هەمان سەرچاوە

١٣٩ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، (ناو ئاشکرا نەکراوە) لە شارۆچکەیەکی باشوری موسڵ لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٤٠ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "تاهیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٤١ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "نازم،" هەولێر، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

کامپێکدا دەژی، بەڵام هیچ زانیاریەکی نیە بۆ پەیوەندیکردن بە خێزانەکەیی و نازانێ چۆن بیاندۆزێتەوە. ووتیشی، "هەمیشە دڵتەنگم. دوو ساڵە خیزانەکەمم نەبینیوە. زۆر بیریان دەکەم."[142]

ئەو مێردمنداڵانەی بەتۆمەتی داعشبوون زیندانیکراون چەند ساڵێکی خۆێندیان لە دەست چووە ئەوەش وادەکات کە نەتوانن بچنەوە قوتابخانە یان کارێک بدۆزنەوە. زۆرێکیان لەدوای کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیان لەلایەن داعش و داخستنی قوتابخانەکان وازیان لە قوتابخانە هێناوە، پاشان زیندانیکردنیان ئەوەندەی تر لە قوتابخانە دوای خستوون. تاهیری ١٧ ساڵ بۆماوەی زیاتر لە ساڵێکە بەندەو ووتی، "بەرلەوەی داعش بێت قوتابی بووم، بەڵام قوتابخانەکان داخران بۆیە هەرلەماڵەوە بووم. بیری قوتابخانە دەکەم، بەڵام ئێستا تەمەنم گەورەیە بۆ گەڕانەوە بۆ قوتابخانە. نازانم داهاتووم چی دەبێت."[143]

لەلایەکی ترەوە، دوورنیە ئەم جۆرە سیاسەتانە لە دەستگیرکردن و زیندانیکردن لەلایەن حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە ڕق وکینە لەناخیاندا دروست بکا کە دەرەنجامەکەی توندوتیژی زیاتر دەبێت. "مالیک"ی ١٧ ساڵ کە نکۆڵی کرد لە هەبوونی پەیوەندی بە داعش، بەڵام سزای ٩ مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە، ووتی، "مێردمنداڵێکی زۆر لەسەربنەمای شاهێدی دروستکراو دەستگیرکراون. کاتێک ئازادکران ڕەنگە ڕق لە حکومەت هەڵگرن و بیانەوێ تۆڵە لە حکومەت و ئەوکەسانە بکەنەوە کە زیندانیان کردوون."[144]

١٤٢ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ "بەدر" لە کامپێکی ئاوارەکانی باشوری موسڵ، ١٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٤٣ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "تاهیر،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

١٤٤ چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ، "مەلیک،" هەولێر، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

# VII. ستانده‌رده یاساییه‌کان

## ستانده‌رده یاساییه نێوده‌وڵه‌تیه‌کان

## سه‌باره‌ت به تێوه‌گلانی مێردمنداڵان له ململانێ چه‌کداری

له ساڵی ١٩٩٤، عێراق بووه ئه‌ندام له په‌یماننامه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتوه‌کان بۆ مافه‌کانی منداڵ که ده‌ڵێ هه‌رکه‌سێک له خوار ته‌مه‌نی ١٨ ساڵه‌وه بێت به منداڵ هه‌ژمار ده‌کرێ و پێویسته له‌سه‌ر ده‌وڵه‌ت هه‌موو رێوشوێنێک بگرێته‌به‌ر له‌پێناو پارێزگاریکردن و چاودێریکردن له‌و منداڵانه‌ی که‌وتونه‌ته ژێر کاریگه‌ری جه‌نگی چه‌کداری."[145] له ساڵی ٢٠٠٨، عێراق پرۆتۆکۆڵی خۆبه‌خشی په‌یماننامه‌ی مافه‌کانی ئه‌و مێردمنداڵانه‌ی که له گروپه چه‌کداره‌کانه‌وه ده‌گلێن (جێبه‌جێکردنی پرۆتۆکۆڵه‌کان به خۆبه‌خشی) قبوڵکرد. ئه‌م پرۆتۆکۆڵانه به‌سه‌ربازکرنی ته‌مه‌نی خوار ١٨ ساڵ له‌لایه‌ن هێزه‌کانی حکومه‌ت یان هه‌رلایه‌نێکی تر له‌کاتی جه‌نگدا به‌هه‌موو شێوه‌یه‌ک قه‌ده‌غه ده‌که‌ن. هه‌روه‌ها ئه‌م پرۆتۆکۆڵانه به هه‌مان شێوه بۆ گروپه چه‌کداره ناحکومیه‌کان به میلیشیاو گروپه یاخیبوه‌کانیشه‌وه جێبه‌جێ ده‌بێت . مادده‌ی چوار ده‌ڵێ، "گرووپه چه‌کداره‌کان که جیاوازن له هێزه چه‌کداره‌کانی ده‌وڵه‌ت نابێت، به هیچ شێوه‌یه‌ک، خه‌ڵکی ته‌مه‌ن خوار ١٨ ساڵ به سه‌رباز بکه‌ن و له جه‌نگدا به‌کاریان بهێنن.[146] به‌سه‌ربازکردن و به‌کارهێنانی خوار ته‌مه‌ن ١٥ ساڵ له ململانێی چه‌کداریدا به تاوانی جه‌نگ له‌قه‌ڵه‌م ده‌درێ.[147]

ستانده‌رده نێوده‌وڵه‌تیه‌کان ده‌ڵێ، ئه‌و مێردمنداڵانه‌ی له جه‌نگی چه‌کداریه‌وه تێوه‌گلاون مافی چاره‌سه‌رکردنی پێویستیان هه‌یه و چاره‌سه‌رکردن و ئاشتکردنه‌وه‌یان له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگا ده‌کاته ئه‌ولەویات. ئه‌م ستانده‌ردانه—به یاساو رینماییه‌کانیشه‌وه—ته‌ماشای ئه‌م منداڵانه وه‌ک قوربانی ده‌کات نه‌ک تاوانبارو زیندانیکردنیان ره‌تده‌کاته‌وه ته‌نها له‌حاڵه‌تێکدا نه‌بێت ئه‌گه‌ر منداڵه‌که تاوانی زۆر گه‌وره‌ی ئه‌نجام دابێت یان بووبێته هه‌ره‌شه‌ی جدی بۆسه‌ر ئاسایشی ووڵات. ته‌نانه‌ت له‌م حاڵه‌ته ده‌گمه‌نانه‌شدا، یاسا نێوده‌وڵه‌تیه‌کان پێویستی ده‌کات رێکاری یاسایی وستانده‌رده نێوده‌وڵه‌تیه‌کان بۆ مێردمنداڵان جێبه‌جێ بکرێت ورێگه‌نادات ئه‌م ستانده‌ردانه پێشێل بکرێن به‌ناوی حاڵه‌تی ئیمێرجنسی و جدیه‌تی تاوانه‌که.

پرۆتۆکۆڵه خۆبه‌خشه‌کان داوا له ده‌وڵه‌تان ده‌کات چاره‌سه‌ری گونجاو و هاوکاری ته‌ندروستی و ده‌رونی بۆ ئه‌و مێردمنداڵانه دابین بکه‌ن که له ململانێی چه‌کداریه‌وه تێوه‌گلاون له‌پێناو گه‌رانه‌وه‌یان بۆناو کۆمه‌ڵگا.[148] په‌یمانامه‌ی مافه‌کانی منداڵ ده‌ڵێ، له‌کاتی گرتنه‌به‌ری هه‌ر رێکارێکی یاسایی له‌دژی ئه‌و مێردمنداڵانه‌ی تاوانیان ئه‌نجام داوه ده‌بێت باشترین به‌رژه‌وه‌ندی مێردمنداڵه‌که له‌به‌رچاوبگیرێ و له‌پێناو چاکسازیکردنی منداڵه‌که‌دا بێت و بۆ ئاشتکردنه‌وه‌ی بێت له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگا تا رۆڵێکی بنیاتنه‌ری هه‌بێ له‌ناو کۆمه‌ڵگادا.[149]

---

١٤٥ په‌یمانامه‌ی مافه‌کانی منداڵ، مادده‌ی ٣٨

١٤٦ پرۆتۆکۆڵی په‌یمانامه‌ی مافه‌کانی منداڵ له‌سه‌ر تێوه‌گلانیان له جه‌نگی چه‌کداری، له ٢٥ی مایس ٢٠٠٠ په‌سه‌ندکراوه

G.A. Resolution 54/263, Annex I, 54 U.N. GAOR Supp. (no.49) at 7, U.N. Doc. A/54/49, vol. III (2000), entered into force February 12, 2002.

١٤٧ ته‌ماشای کۆمسیۆنی خاچی سووری نێوده‌وڵه‌تی بکه، یاسا مرۆییه نێوده‌وڵه‌تیه‌کان، یاسای ١٣٨. یاساکانی رۆما له دادگای تاوانی نێوده‌وڵه‌تی، "به‌چه‌کدارکردنی منداڵی بۆ ناو گرووپ و هێزه جه‌کداره‌کان" یان به‌شداریپێکردنیان له جه‌نگدا (مادده‌ی ٨(٢).(arts. 8(2)(b)(xxvi) and 8(2) (e)(vii))خوار ته‌مه‌ن ١٥ ساڵ

١٤٨ پرۆتۆکۆڵی خۆبه‌خشی په‌یمانامه‌ی مافه‌کانی منداڵ، مادده‌ی ٦ (٣).

١٤٩ په‌یمانامه‌ی مافه‌کانی منداڵ مادده‌ی ٣ (١)؛ مادده‌ی ٤٠ (١).

لەدوای ساڵی ١٩٩٩وە، نەتەوەیەکگرتووەکان زنجیرەیەک ماددەی تایبەتی بە مێردمنداڵان و جەنگە چەکداریەکان پەسەندکردوە کە تێیاندا داوا لە ووڵاتانی ئەندام دەکات دڵنیایی بدەن لە چاکسازیکردن و گەڕانەوەی ئەو مێردمنداڵانەی بەپێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە بە سەربازکراون. ماددەکان بریتین لە ١٢٦١ی (١٩٩٩) و ١٣١٤ی (٢٠٠٠) و ١٣٧٩ی (٢٠٠١( و ١٤٦٠ی (٢٠٠٣) و ١٥٣٩ی (٢٠٠٤) و ١٦١٢ی (٢٠٠٥) و ١٨٨٢ی (٢٠٠٩) و ١٩٩٨ی (٢٠١١) و ٢٢٢٥ی (٢٠١٥) و ٢٤٢٧ی (٢٠١٨). ماددەی ٢٢٢٥ کە لە ساڵی ٢٠١٥ پەسەندکرا، تیشک دەخاتە سەر زیندانیکردنی کردنی مێردمنداڵان و داوا لە ووڵاتانی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات:

> جگە لە سزادان و بەندکردن ڕەچاوی بەدیلی تر بکەن لەپێناو چاکسازیکردن و گەڕانەوەی ئەو منداڵانەی کە پێشتر پەیوەندیان بە گرووپی چەکدارەوە هەبوە بۆ ناو کۆمەڵگاو دەبێت بەندکردنیان دوارێگەچارەبێ و بۆ کەمترین ماوەبێت و هەروەها دەبێت ئەوەندی دەکرێ منداڵان زیندانی نەکرێن بەرلە دادگایکردنیان.[150]

بەیانامەیەکی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٧ نیگەرانیەکانی ئەنجومەنی ئاسایش زیاتر پشتڕاست دەکاتەوەو جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی "ئاگاداربوونی تایبەت" لەمامەڵکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە گرووپە چەکداریە ناحکومیەکان دەستگیرکراون بەوانەشەوە کە کاری تیرۆریستیان ئەنجامداوە لەگەڵ دروستکردنی ستاندەردو پرۆسەیەک لە خێرا ڕادەستکردنی ئەم منداڵانە بەو لایەنە مەدەنیانەی کار بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان دەکەن."[151]

(پرەنسیپەکانی پاریس) بریتین لە چەندو پرەنسیپ و ڕێنماییەکی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ١٠٠ ووڵاتەوە پەسەندکراوە و پەیوەستە بە پاراستنی ئەو مێردمنداڵانەی پەیوەندیان بە هێزو گروپە چەکدارەکانەوە هەبوەو بەسەربازکراون لە بەپێی پرەنسیپەکان، دەبێت [152]جەنگی چەکداریداو چاکسازیکردنیان و گەڕانەوەیان بەسەرکەوتویی بۆ ناو کۆمەڵگا. ئازادکردن و ڕێوشوێنی چاکسازیکردنی ئەم منداڵانە بەبێ هیچ مەرجێک ئەنجام بدرێت. لەکاتی ئازادکردنیان، دەبێت مێردمنداڵەکان ڕادەستی "پرۆسەیەکی مەدەنی دەسەڵاتپێدراوی سەربەخۆی گونجاو بکرێن،"و دەبێت زۆرینەی مێردمنداڵەکان بگەڕێنەوە بۆناو خێزان و کۆمەڵگەکانیان یان کەش و هەوایەکی خێزانیان دەستبەجێ لەدوای ئازادکردنیان بۆ دابین بکرێ.[153]

هەروەها پرەنسیپی پاریس دەڵێ:

---

١٥٠ بڕیاری ٢٢٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٥ پەسەندکراوە، پەرەگرافی ٦

١٥١ بەیانامەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ پەسەندکراوە

١٥٢ پرەنسیپ و ڕێنماییەکان سەبارەت بە هەبوونی پەیوەندی منداڵان بە گرووپ و هێزە چەکدارەکانەوە (پرەنسیپەکانی پاریس)، ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٧، عێراق ئەم پەسەند نەکردوەhttp://www.unicef.org/protection/files/ParisPrinciples310107English.pdfپرەنسیپانەی

١٥٣ پرەنسیپەکانی پاریس، پەرەگرافی ٣,١١١، ٧,٢١، ٧,٤٥، ٨,٤٧، ٨,٧، ٨,٨، ٨,٩

نابێت ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەو منداڵانەی پەیوەندیان بە هێزو گرووپی چەکدارەوە هەبووە بگیرێتەبەر یان سزابدرێن یان هەڕەشەی ڕێکاری یاساییان لێبکرێت تەنها لەبەرەوەی ئەندام بوون لەناو ئەو هێزو گروپانەدا.[154]

زیادلەوەش، ئەو منداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لەکاتێکدا لەنێو گروپی چەکداردا بوون دەبێت وەک قوربانی تاوانی دژی یاسا نێودەوڵەتیەکان تەماشا بکرێن؛ نەک وەک تاوانبار."[155]

## ستاندەردەکان بۆ ئەو مێردمنداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانی پەیوەندیدار بە تیرۆر

پەیمانامەی مافەکانی منداڵ باس لە ژمارەیەک مافی گرنگ بۆ ئەو منداڵانە دەکات کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان. مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجە لەدژیان قەدەغە دەکات[156] و دەڵێ دەبێت تەنها وەک دوا ڕێگەچارە بەند بکرێن و بۆماوەیەکی کورت بێت،[157] هەروەها دەبێت ڕێگەیان پێبدرێ پەیوەندی بە خێزانەکانیانەوە بکەن و سەردان بکرێن.[158] "منداڵان مافی هەبوونی پارێزەرو هاوکاری یاساییان هەیە، مافی ئەوەیان هەیە کە[159] کەیسەکانیان بەبێ دواکەوتن لەلایەن بۆردێکی دادوەری لێهاتووی بێلایەن یەکلایی بکرێتەوە لە دادگایکردنێکی عادیلانەدا[160] بەپێی یاساو بە ئامادەبوونی پارێزەرو دایک و باوکی منداڵەکە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە ناچار نەکرێ بە شاهێتیدان و ئیعتراف کردن بە تاوان.[161]

ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە بەندێکیدا سەبارەت بە ستراتیژی دژە تیرۆری جیهانی، بە توندی ئیدانەی بەسەربازکردن و بەکارهێنانی منداڵان بەشێوەیەکی سیستماتیکی بۆ هێرشە تیرۆریستیەکان دەکات و دان بەوەدا دەنێ کە ئەو منداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی ڕەنگە خۆیان قوربانی تیرۆریزم بن. بەندەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بەپێی مافەکانیان کە لە یاسا نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ بەتایبەت بەپێی بەندەکانی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ.[162]

لە ساڵی ٢٠١٦، یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نیوچاتێل بۆ ڕەفتاری باش لە دادوەری مێردمنداڵان لە چوارچێوەی دژە تیرۆر بەشداری پسپۆری حکومەتەکان و دادوەران و ئەکادیمیاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مەدەنیەکان چەند ڕێنماییەکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەوەی چۆن دەوڵەتەکان ڕەچاوی مافی ئەو منداڵانە بکەن لە کاری پەیوەندیدار بە تیرۆرەوە دەگلێن. یاداشتەکە ١٣ ڕەفتاری باش دەستنیشان دەکات و جەخت دەکاتەوە کە پەسەندترین سیستم بۆ منداڵانی تۆمەتبار بە کاری تیرۆریستی سیستمی دادوەری مێردمنداڵانە. دەڵێ دەبێت ڕەچاوکردنی باشترین

---

١٥٤ پرەنسیپەکانی پاریس، ٨,٧

١٥٥ هەمان سەرچاوە پەرەگرافی ٣,٦

١٥٦ پەیمانامەی مافەکانی منداڵ ماددەی ٣٧ (ا)

١٥٧ پەیمانامەی مافەکانی منداڵ ماددەی ٣٧ (ب)

١٥٨ پەیمانامەی مافەکانی منداڵ ماددەی( ٣٧)

١٥٩ پەیمانامەی مافەکانی منداڵ ماددەی ٤٠ (٢) (ب) (٢)

١٦٠ پەیمانامەی مافەکانی منداڵ ماددەی٤٠ (٢) (ب) (٣

١٦١ پەیمانامەی مافەکانی منداڵ ماددەی٤٠ (٢) (ب) (٤)

١٦٢ بڕیاری ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١ی تەمووزی ٢٠١٦ پەسەندکراوە.

بەرژەوەندی منداڵەکە ئەولەویاتی سەرەکی بێت و گرنگیەکی تایبەت بدرێ بە بەدیلەکانی رێکاری یاسایی و گرتنەبەری هانی وولاتان دەدا لە دارشتنی [163]هەر هەنگاوێکی دادوەری بەمەبەستی گەڕانەوەی منداڵەکە بێت بۆ ناو کۆمەڵگا. میکانیزیمێک بۆ ڕاستکردنەوە لە پێناو رێگریکردن لە کاریگەریە نەخوازراوەکانی پرۆسەی دادوەری بۆ سەر ئەم منداڵانە. ڕێنماییەکان دەڵێ، بەسەرکەوتویی تەواوکردنی پرۆگرامی ڕاستکردنەوە لەلایەن منداڵەکەوە دەبێت دوا هەروەها [164]دەرەنجامی داخستنی کەیسەکەی بێت و نابێت لە هیچ تۆمارێکی گشتیدا تاوانەکەی تۆمار بکرێت." داوا لە دادگاکان دەکات دڵنیایی بدەن لە رەچاوکرنی ئەندازەی تاوانەکەو بارودۆخی منداڵەکە لەکاتی بڕیاری سزادانداو رەچاوکردنی هەموو ئەو بەڵگەو زانیاریانە بکەن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی سزایی یاسایی لەدژی منداڵەکە [165]و رەچاوکردنی سزای تر لەبری بەندکردن تەنانەت بۆ تاوانی پەیوەندیدار بە تیرۆریشەوە.

پرەنسیپەکانی پاریس دەڵێ کاتێک مێردمنداڵێک تۆمەتبار دەکرێت بە ئەنجامدانی کارێکی نایاسایی لەناو گرووپێکی دەبێت [166]چەکداریدا دەبێت وەک قوربانی پێشێلکاری یاسا نێودەوڵەتیەکان تەماشا بکرێت، نەک وەک تاوانبار. و هەر رێکارێکی یاسایی لەدژیان دەبێت هاوتا [167]لەو شوێنەی کە دەکرێت بەدیل بۆ پرۆسەی دادوەری رەچاوبکرێ، پرەنسیپی پاریس دەڵێ، ئەگەر منداڵێک رێکاری [168]بێت لەگەڵ ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی دادوەری مێردمنداڵان. یاسایی لەدژ گیرایەبەر، " دەبێت مەبەست لە سەپاندنی هەر رێوشوێن و سزایەک لەسەر منداڵەکە بۆ [169]چاکسازیکردنی و گەڕانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگا بێت نەک سزادانی."

و پەیمانامەی مافەکانی منداڵ لەسێدارەدانی منداڵی [170]پەیمانامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان پەیمانامەی مافەکانی منداڵ سزایی زیندانی هەتاهەتایی بەبێ هیوای ئازادکردن قەدەغە [171]تاوانبار قەدەغە دەکەن. هەروەها کۆمسیۆنی مافەکانی منداڵی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیاز دەکات هەموو وولاتان یاسای [172]دەکات، [173]زیندانی هەتاهەتایی بۆ مێردمنداڵانی تاوانبار هەڵبوەشێننەوە.

---

١٦٣ یاداشتی لێکتێگەیشتنی نیوچاتێڵ بۆ هەڵس و کەوتی باش بۆ دادوەری مێرمنداڵان لە چوارچێوەی دەژمتیرۆر لە ٢٥ی ئابی ٢٠١٦، کرداری باش ١ https://toolkit.thegctf.org/document-sets/neuchatel-memorandum-juvenile-justice/document.

١٦٤ هەمان سەرچاوە،کرداری باش ٧

١٦٥ هەمان سەرچاوە،کرداری باش ٩

١٦٦ پرەنسیپی پاریس پەرەگرفی ٣,٦

١٦٧ پرەنسیپی پاریس پەرەگرفی ٣,٧

١٦٨ پرەنسیپی پاریس پەرەگرفی ٨،٨

١٦٩ پرەنسیپی پاریس پەرەگرفی ٣,٦

١٧٠ پەیمانامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ پەسەندکراوە G.A. Res. 2200A (XXI), 21 U.N. GAOR Supp. (No. 16) at 52, U.N. Doc. A/6316 (1966), 999 U.N.T.S. 171, entered into force March 23, 1976, art. 6(5). Iraq ratified the ICCPR on January 25, 1971.

١٧١ پەیمانامەی مافەکانی منداڵ، ماددەی ٣٧ (ا)

١٧٢ هەمان سەرچاوە

١٧٣ کۆمسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ، کۆمێنتی گشتی ژمارە ١٠ (٢٠٠٧): مافەکانی منداڵ لەسیستمی دادوەری مێردمنداڵان ، ٢٥ی نیسانی ٢٠٠٧، http://www.refworld.org/docid/4670fca12.html (accessed November 2, 2017).

## یاساکانی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ

یاسای دژتیرۆری عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥ تێپەڕێندرا پێناسەیەکی گشتی بۆ زاراوەی تیرۆریزم دەکات وەک، "هەر تاوانێک کە لەلایەن کەسێکەوە یان گرووپێکەوە ئەنجام دەدرێ بەمەبەستی کردنە ئامانجی کەسێک یان کۆمەڵێک خەڵک یان بەرپرسان یان دامەزراوە نافەرمیەکان و دەبێتە هۆی وێرانکاری موڵکی گشتی و تایبەت "بەمەبەستی تێکدانی ئاشتی و سەقامگیری و یەکێتی نەتەوەیی یان بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵک ونانەوەی ئاژاوە ياساكە سزای مردن بەسەر هەرکەسێکدا دەسەپێنێ کە هەڵدەستێ [174]بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی تیرۆریستی." بە ئەنجامدان و هاندان وپلان دانان و پشتگیری دارایی و هاریکاری کاری تیرۆریستی لەگەڵ سەپاندنی زیندانی هەتاهەتایی بۆ هەرکەسێک کە هەڵدەسێ بە شاردنەوەی کارێکی لەم جۆرەو حەشاردانی ئەوانەی بەشداریان لە کاری [175]تیرۆریستیدا کردوە.

لە ڕپۆرتێکی کانوونی دووەمی ٢٠١٥یدا، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ نیگەرانی دەربڕی لەسەرئەوەی کە ئەم پێناسەیە "معەرەظە" بۆ تەفسیرکردنێکی بەرفراوان" و هۆشیاریدا لە بەکارهێنانی بەرفراوانی ئەم ماددەیە بۆ ئەو مێردمنداڵ و کۆمسیۆنەکە پێشنیازیکرد حکومەتی عێراق [176]ژنانەشی کە ڕاپۆرتیان لەسەر چالاکی تیرۆریستی مێردەکانیان نەداوە." ماددەی٣٧ [177]هەستێ بە گۆڕانکاریکردن لە یاساکەدا بەشێوەیەک هاوتا بێت لەگەڵ ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان. (١)ی دەستووری عێراق دەڵێ "هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەی نامرۆییانە قەدەغەیە" و "هەر دانپێنانێک لەژێر ئەشکەنجەو هەڕەشەدا کرابێ نابێت پشتی پێببەسترێ و قوربانی مافی داواکردنی [178]قەرەبووی ماددی و مەعنەوی هەیە بەپێی یاسا."

یاساکە دەڵێ دەبێت [179]بەپێی یاسای مێردمنداڵی عێراق ساڵی ١٩٨٣، کەمترین تەمەن بۆ بەرپرسیارێتی تاوان ٩ ساڵە. هەموو مێرمنداڵێکی دەستگیرکراو ڕادەستی پۆلیسی مێردمنداڵان بکرێت و ئەوانیش مێردمنداڵەکە ببەنە بەردەم بەپێی ماددەی ٥٢، نابێت هیچ منداڵێکی خوار تەمەن ١٤ ساڵ زیندانی بکرێ و [180]دادوەر لە دادگای مێردمنداڵان. ئەوانەی تەمەنیان لەسەرو ١٤ ساڵە تەنها لەکاتێکدا بەندبکرێن کە تاوانێکیان ئەنجامدابێ کە سزاکەی مردن لەم حاڵەتەدا، یاساکە دەڵێ دەبێت دادگای مێردمنداڵان بڕیار بدات لە ناردنی منداڵەکە بۆ "قوتابخانەی [181]بێت. چاکسازی گەنجان"—کە ئامادەکراوە بەمەبەستی چاکسازی کۆمەڵایەتی و گەڕانەوەی مێردمنداڵەکە بۆ ناو کۆمەڵگا یاسای [183]—کە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ و لە ١٥ ساڵ زیاتر نەبێت.[182]لەڕێگەی خوێندن و کۆرسی فێرکاریەوە

١٧٤ یاسای دژە تیرۆر، ماددەی ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥، ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥، وەرگێرانی ئینگلیزی نافەرمی

١٧٥ یاسای دژە تیرۆری عێراقی، ماددەی ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥

١٧٦ کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، "دەرەنجامەکانی ڕاپۆرتی پێنجەمیان لەسەر عێراق، "٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ لاپەڕە ٢ پەرەگرافی ٩

https://tbinternet.ohchr.org/_layouts/treatybodyexternal/Download.aspx?symbolno=CCPR/C/IRQ/CO/5&Lang=En (accessed February 14, 2018).

١٧٧ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣ پەرەگرافی ١٠

١٧٨ دەستوری کۆماری عێراق، ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥،

http://mofamission.gov.iq/documentfiles/IraqiConstitution.pdf, (accessed February 14, 2018), art. 19.

١٧٩ یاسای مێردمنداڵان (یاسای ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣) لە گەزێت بڵاوکراوەتەوە. ژمارە ٣٨، ڕاپۆرتی ٤٧ (١)، بە زمانی ئینگلیزی لەبەردەستە لەم ماڵپەڕە

http://gjpi.org/wp-content/uploads/juvenile-welfare-law-76-of-1983.pdf (accessed February 14, 2018).

١٨٠ هەمان سەرچاوە، ماددەی ٤٨

١٨١ هەمان سەرچاوە، ماددەی ٥٢ (٢)

١٨٢ هەمان سەرچاوە، ماددەی ١٠ (٣)

١٨٣ هەمان سەرچاوە، ماددەی ٧٧ (٢)

لێبوردنی گشتی کە لە مانگی ئابی ٢٠١٦ دەرچوو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە دژی خواستی خۆیان پەیوەندیان بە داعش یان هەر گرووپێکی تری تیرۆریستیەوە کردوەو هیچ تاوانێکی گەورەیان ئەنجام نەداوە وەک پێبوون و بەڵام، ئەو دادوەرانەی دادگایی کەیسەکانی دژەتیرۆر [184] بەکارهێنانی تەقینەوەو بریندارکردن یان کوشتنی کەسێک. [185] دەکەن زۆرجار یاساکە جێبەجێ ناکەن.

## یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بەسەر پارێزگاکانی دهۆک و هەلێرو سلێمانی هەیە و لەساڵی ١٩٩٢وە یاسای خۆی تێپەڕاندوەو جێبەجێکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٦، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای دژەتیرۆری خۆی تێپەڕاند (کە بە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ ناسراوە). لەکاتێکدا یاساکە سزای لەسێدارەدان دەسەپێنێ بەسەر هەرکەسێکدا کە هەستابێ بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی یان پەیوەندیکردن و دامەزراندن وڕیکخستن و هاریکاریکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی یان هاندان و پلاندانان ودابینکردنی هاریکاری دارایی بۆ کاری تیرۆریستی. سزای مردن بۆ چەند تاوانێک دیاری دەکات وەک وێرانکردنی بیناو فڕاندنی خەڵک وپشتگیری دارایی بۆ هێرشی تیرۆریستی. هەروەها سزای کەمتر لە ١٥ ساڵ دیاری دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی [186] تیرۆریستی و هەبوونی زانیاری دەربارەی کاری تیرۆریستی بەڵام ئاگادار نەکردنەوەی بەرپرسانی لێ.

لە هەرێمی کوردستاندا دادگاکانی تایبەت بە تاوان مامەڵە لەگەڵ کەیسی تیرۆر دەکەن و دادوەری تایبەتیان هەیە بۆ کەیسی ئەو مێردمنداڵانەی ڕووبەڕووی تۆمەتی تیرۆر بوونەتەوە. وەک عێراق، یاساکانی سزادانی تاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بەرپرسانی پێویست دەکات لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەستگیرکراو بەرنە بەردەم دادوەرو [187] پاشان دادوەر بۆی هەیە بڕیاری درێژکردنەوەی بەندکردنەکە بدات بۆ ماوەی تا شەش مانگ.

[188] لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کەمترین تەمەن بۆ بەرپرسیاربون لە تاوان ١١ ساڵە.

١٨٤ یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە ٢٧ی ٢٠١٦، بڕگەی ٤(٢)

١٨٥ هیومان ڕایتس ۆوچ، کەم و کورتی دادوەری: بەرپرسیارێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق، کانوونی دووەمی ٢٠١٧، لاپەڕەی ٥ ٣٣-٣٥

١٨٦ یاسای دژەتیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦

١٨٧ پرۆژەی دادوەری جیهانی: عێراق، "یاسای سزادانی تاوان ژمارە ٢٣ی ١٩٧١، هەرێمی کوردستانی عێراق (گۆڕانکاری تێداکراوە تا ١٤ی شوباتی ٢٠١٠)، http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-kurdish-v2.doc (accessed February 14, 2018), art. 109 and art. 123.

١٨٨ هاوپەیمانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، لە تسرینی یەکەمی ٢٠١٤

https://uprdoc.ohchr.org/uprweb/downloadfile.aspx?filename=1188&file=EnglishTranslation (accessed February 14, 2019

# پێشنیارەکان

## بۆ پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان

- گۆڕانکاریکردن لە یاسای دژەتیرۆر بەجۆرێک کۆتایی بهێنێ بە تاوانبارکردنی مێردمنداڵانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ تەنها لەسەر بنەمای ئەندام بوون لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی و دانانی بەوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان ڕێگری دەکەن لە بەسەربازکردنی منداڵان لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە.
- گۆڕانکاریکردن لە یاسای دژەتیرۆر بەجۆرێک دڵنیایی بدات لەوەی کە مامەڵکردن لەگەڵ ئەو مێردمنداڵانەی تاوانیان ئەنجامداوە کاتێک ئەندام بوون لەناو داعش هاوتایە لەگەڵ ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی دادوەری مێردمنداڵان و ئامانجی سەرەکی چاکسازیکردنیان و ئاشتکردنەوەیان بێت لەگەڵ کۆمەڵگا.

## بۆ پەرلەمانی عێراق

- تێپەڕاندنی یاسای دژ بە ئەشکەنجە کە لەسەر دادوەرانی پێویست دەکات لەماوەی ٢٤ کاتژمێری زانینی تۆمەتەکەدا فەرمانی پشکنینی پزیشکی بدەن بۆ هەر زیندانیەک کە دەڵێ ئەشکەنجەدراوە لەگەڵ وەلانانی ئەو دانپێنانەی لەڕێگەی ئەشکەنجەدانەوە دەستکەوتوون؛ هەروەها لەسەر بەپرسانی پێویستی کەن ڕێگە بە ئامادەبووونی پارێزەر بدەن لە تەواوی پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا.
- تێپەڕاندن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆڵی پەیمانامەی دژ بە ئەشکەنجە.
- زیادکردنی تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوان لە ٩ ساڵەوە بۆ ١٢ ساڵ و زیاتریش باشترە تا هاوتا بێت لەگەڵ ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی مافی منداڵ.

## بۆ ئەنجوومەنی دادوەری عێراق و هەرێمی کوردستان

- لەکاتێکدا گۆڕانکاری لە یاساکاندا دەکرێ، ڕێنمایی گشتی دەربکرێ بۆ هەموو دادوەرانی لێکۆڵەرو داواکارانی گشتی و هێز ئەمنیەکان کە نابێت هیچ منداڵێک بە گومانی تەنها ئەندام بوون لەناو داعش دەستگیربکرێ.
- دەرکردنی فەرمانی ئازادکردنی هەموو ئەو مێرمنداڵانەی بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە داعشەوە بەندکراون، جگە لەوانەی توندوتیژی و تاوانیان ئەنجام داوە.
- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو منداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لەکاتێکدا لەناو داعش بوون بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی دادوەری مێردمنداڵان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. وەک دەستگیرکردنیان وەک دوا ڕێگەچارەو بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ بەندکردنیان بەجیا لە پیاوان و دابینکردنی پارێزەر بۆیان و ئەولەویەتدان بە چاکسازیکردنیان و گەڕانەوەیان بۆناو کۆمەڵگاو دڵنیایی دان لەوەی باشترین بەرژەوەندی منداڵەکە ڕەچاودەکرێ.
- ڕێنمایدان بە دادوەران لە ڕاگرتنی ئەو دادگایکردنانەی کە تێیدا بەندکراوان باسیان لە تۆمەتی مامەڵەی خراپ لە بەرامبەری کردوەو لێکۆڵینەوەیەکی تەواو بێلایەن ئەنجام بدەن لە تۆمەتەکان و وەلانانی ئەو دانپێنانەی کە لەژێر فشارو هێزدا کراون.
- فەرمانکردن بە دەستبەجێ گواستنەوەی هەربەندکراوێک لەپاش باسکردنی تۆمەتی مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجە لەبەرامبەری تا لە تۆڵەسەندنەوە بپارێزرێت.

## بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆو دادو کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق و حوکەمەتی هەرێمی کوردستان

- پەسەندکردن و جێبەجیکردنی پرۆتۆکۆلی ڕادەستکردن لەپێناو دڵنیابوون لەوەی ئەو مێردمنداڵانەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە بەڵام لە کاری توندوتیژی تێوەنەگلاوون بەخێرایی بگوێزرێنەوە بۆ پرۆگرامی چاکسازی تایبەت.
- بە پشتیوانی نێودەوڵەتی، دڵنیایی دان لەوەی ئەو منداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لەکاتێکدا لەناو داعشدا بوون بەپێی یاسایی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی دادوەری مێردمنداڵان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بەتایبەت دڵنیایی دان لەوەی بەندکردنیان دوا ڕێگەچارەیەو بۆماوەیەکی کورتەو مێردمنداڵان بەجیا لەگەڵ پیاوانی زیندانی بەند دەکرێن و باشترین بەرژەوەندیەکانی منداڵەکە لەبەرچاو دەگیرێ و چاکسازیکردن و گەڕانەوەی منداڵەکە بۆ ناو کۆمەڵگە لەبارچاو دەگیرێ.
- دڵنیابوون لەوەی ئەو منداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لەکاتێکدا لەناو داعش بوون ڕێکارە یاساییەکانیان لەچوارچێوەی سیستمی دادوەری مێرمنداڵاندا دەبێت.
- دروستکردنی بەدیلێک لەبری بەندکردن و پرۆسەی دادوەری بۆ ئەو منداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لەکاتێکدا لەگەڵ داعش بوون، وەک پرۆگرامی ڕاستکردنەوەو چاکسازیکردن و خزمەتی کۆمەڵایەتی لەژێر چاودێری و پرۆگرامی خوێندن و فێرکاری پیشەیی.
- دڵنیایی دان لەوەی کە هەموو ئەو منداڵانەی کە بێبەشکراوون لە ئازادی، لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەبرێنە بەردەم دادوەرێکی بەتوانا بۆ پێداچوونەوەی یاسایی دەستگیرکردنەکەی.
- دڵنیابوون لەوەی هەموو ئەومنداڵانەی تۆمەتبارکراون بە ئەنجامدانی تاوان لەکاتی پرۆسەی دادگایکردندا پارێزەریان بۆ دابین دەکرێ و پارێزەرەکانیان ئامادەی هەموو پرۆسە دادوەریەکان و چاوپێکەوتنەکان دەبن.
- فەرماندان بە هەموو هێزە ئەمنیەکان لە دەستبەجێ ئاگادارکردنەوەی خێزانی هەموو مێردمنداڵە دەستگیرکراوەکان لە شوێن و چارەنوسیان و لەگەڵ دەستبەجێ ڕێگەپێدانیان بۆ پەیوەندیکردن بە کەس و کاریانەوە لەگەڵ هەبوونی پارێزەر.
- دڵنیایی دان لەوەی باوک و دایک یان کەس و کاری مێردمنداڵەکان بەردەوام ئاگادار دەکرێنەوە لە کەیسی دەستگیرکردن و پرۆسەی دادگایکردنی منداڵەکانیان.
- ڕێگەدانی بەردەوام و بەبێ ئاگادارکردنەوە بە ڕێکخراوە سەربەخۆ مرۆییەکان بۆ چاودێریکردنی بارودۆخی هەموو ئەو زیندانیانەی حکومەت کە مێردمنداڵیان تێدایە.
- دابینکردنی خوێندن و خزمەتگوزاری و پرۆگرامی چاکسازی و تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگا بە هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ئەو مێردمنداڵانەی لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکراون لەگەڵ دابینکردنی کارمەندی کەیسەکان بۆ هەر منداڵێکی بەندکراو بۆ مامەڵەکردنی کەیسەکەی.
- دڵنیابوون لە ئازادکردنیان لەپاش تەواوکردنی ماوەی یاسایی سزاکانیان.
- دامەزراندنی میکانیزمێک تا منداڵەکان بتوانن لەڕێگەی ئەو میکانیزمەوە تۆمەتەکانی مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەدانیان تۆماربکەن

## بۆ وەزارەتەکانی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

- دامەزراندنی پرۆگرامی چاکسازی و ئاشتبونەوە لەگەڵ کۆمەڵگا بەهاوکاری ڕێکخراوی یونیسیف و ڕێکخراوەکانی تری مافەکانی منداڵ بۆ ئەو مێردمنداڵانەی پێشتر لەناو داعش بوون وەک کۆرسی فێربوونی پیشەو، پرۆگرامی خوێندن وچاودێری تەندروستی و دەروونی و دەستپێشخەری تر بۆ تێکەڵ بوونەوە بە کۆمەڵگا.

**بۆ ئەو حکومەتە بیانیانەی مێردمنداڵی وولاتەکانیان بە تۆمەتی داعش بوون دەستگیرکراون**

هەستن بە ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەی ئەو مێردمنداڵانەی خەڵکی وولاتەکانیان و چارەسەری پێویستیان بۆ دابین بکەن لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا بەشێوەیەک کە هاوتا بێت لەگەڵ ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان.

داواکردن لە بەرپرسانی عێراق کە دڵنیای بدەن لە مامەڵەکردنی ئەو مێردمنداڵانەی کە تاوان و توندوتیژیان ئەنجامداوە لەکاتێکدا لەناو داعشدا بوون بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی دادوەری مێرمنداڵان.

## بۆ بەخشەرە نێودەوڵەتیەکان

- پشتگیریکردنی ئەو پێوەرانەی لەسەرەوە باسکراوون لە پێناو دڵنیابوون لەوەی کە بەرپرسانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبن بۆ پرۆسەکە تا ئەم مێردمنداڵانە بە بیانیەکانیشەوە ئەو پارێزگاری و پشتگیریانەیان بۆ دابین دەکرێ کە پێویستیانە.
- فشارکردن بۆ پێداچوونەوە کردن بە یاساکاندا بە یاسایی دژەتیرۆرو ئەو سیاسەتانەی پەیوەندیان بە کەیسەکانی داعشەوە هەیە تا هاوتابن لەگەڵ سیاسەتە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی منداڵ و دادوەری مێردمنداڵان؛ لەگەڵ دابینکردنی پشتگیری تەکنیکی و هاوکاری بۆ ئەم هەوڵانە.
- پشتگیری کردنی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی بەدیل لەبری بەندکردن و پرۆسەی دادوەری وەک پرۆگرامی ڕاستکردنەوەو چاکسازی و خزمەتی چاودێری کۆمەڵایەتی و کۆرسی فێربوونی پیشەو پرۆگرامی خوێندن.
- هاوکاریکردنی بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دڵنیای دان لەوەی بەندکردنی میردمنداڵان هاوتایە لەگەڵ ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەت بەندکردن وەک دوا ڕێگەچارە بەکاردهێنرێ و مێردمنداڵان بەجیا لەگەڵ پیاوان بەند دەکرێن و پارێزەریان بۆ دابین دەکرێ لەگەڵ گرنگیدان بە چاکسازیکردن و تێکەڵکردنەوەی منداڵەکە بە کۆمەڵگاو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی منداڵەکە.
- پشتگیریکردنی چالاکیەکانی وەک پرۆگرامی چاکسازی و گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا لەڕێگەی دابینکردنی پرۆگرام و کۆرسی فێرکردنی پیشەو پرۆگرامی خوێندن و دابینکردنی چاودێری تەندروستی وکۆمەڵایەتی و دەروونی.
- پشتگیریکردنی پرۆگرام و چارەسەی دەروونی چرووپڕ بۆ ئەو منداڵانەی پێویستیانە، بە بەراورد بەو خزمەتگوزاریە دەروونی و کۆمەڵایەتیەی لە کۆمەڵگەدا پێشکەش دەکرێن.

## بۆ یونیسێف

- هاوکاری حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە دامەزراندنی پرۆگرامی چاکسازی و گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا بۆ ئەو مێردمنداڵانەی پێشتر لەگەڵ داعش بوون و هاوکاریکردنیان لە دڵنیابوون لەوەی ئەم پرۆگرامانە بۆ هەموو مێردمنداڵێک دابین دەکرێ.
- کار لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ دروستکردنی ستاندەردو پرۆسەیەک لە وەرگرتن و ڕادەستکردنی ئەم مێردمنداڵانە بە پارێزەرانی مافەکانی منداڵ.

# پ ێزانین

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن جۆو بەیکەر، بەڕێوەبەری داکۆکیکار لە بەشی مافەکانی منداڵ لە هیومان ڕایتس ۆوچ، و بەڵقیس ویڵی، توێژەری باڵای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لە هیومان ڕایتس ۆوچ، توێژینەوەی بۆ کراووە. ڕاپۆرتەکە لەلایەن جۆو بەیکەر نووسراوە. لەلایەن بەڵقیس ویڵی و لەما فەقیە،جێگری بەڕێوەبەری هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و بیڵ ڤان ئیسڤێڵد، توێژەری باڵا لەبەشی مافەکانی منداڵ، و نازم حوری، بەڕێوەبەری بەشی تیرۆرو دژەتیرۆر، پێداچوونەوەی بۆکراوە. کلایف بۆڵدوین، ڕاوێژکاری باڵای یاسایی، و تام پۆرتیەس، جێگری بەڕێوەبەری بەرنامە، پێداچوونەوەی یاسایی و پرۆگرامیان بۆ ڕاپۆرتەکە کردووە.
سۆزان ڕەقیب، ڕێکخەری باڵا لەبەشی مافەکانی منداڵ، هاوکاری بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەکەی کردوە. فیتزۆری هاپکنس ڕاپۆرتەکەی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کردووە.
هیومان ڕایتس ۆوچ سوپاس و پێزانینی هەیە بۆ هەموو مێردمنداڵەکان و خێزانەکانیان کە باسی ئەزمونی خۆیانیان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ کرد. هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەین کە بە زانیاری و پسپۆری خۆیان هاوکاریان کردوین لە نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا.